گڵکەند
Kurdistan Chronicle
بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات
ژمارە (١٦)
چوارشەممە ٢٠٢٥/٥/١٤

# خواست لەسەر زەوی و ڤێللا هەڵدەکشێ



دیمەنێکی شاری هەولێر

وێنە: ڕێبەند سەعدوڵا

Kurdistan Chronicle

# خەڵاتێکی نێودەوڵەتی بەدەست دێنێ




**گڵکەند**

وەکو یەکێک لە گۆڤارە پێشەنگەکانی جیهان بەتایبەت لە بایەخدان بە پێکەوەژیانی ڕۆڵەکانی ئاین و پێکهاتە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری کوردستان کرۆنیکڵ لەلایەن دامەزراوەی (Religion Rcc) Communication Councilەوە لە ئەمریکا خەڵات کرا.

ڕۆژی ٢٥ی نیسان لە ڕێوڕەسمێکدا لە شاری (Salt lake)ی ویلایەتی یۆتای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گۆڤاری (Kurdistan Chronicle) کە دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەری دەکات، خەڵاتی «نایاب»ی لە چوارچێوەی خەڵاتەکانی وێلبەر پێ بەخشرا، کە لە مێژووی دابەشکردنی خەڵاتەکەوە لە ساڵی ١٩٤٩ەوە دەبێتە یەکەم میدیای چاپکراو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو خەڵاتە بباتەوە، واتە دوای ٧٦ ساڵ، ئەوەش دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ ڕۆژنامەوانیی کوردستان.

کوردستان کرۆنیکڵ لەگەڵ ژمارەیەک دەزگای گەورەی میدیاییی نێودەوڵەتیی وەکو کەناڵی CBC، ئاژانسی AP، بەرنامەی 60 Minutes، ڕادیۆی NPR، کەناڵی ABC و دامەزراوەی ئەتلانتیک و سەدان کاری میدیایی لەلایەن دامەزراوەی Religion Communication Council Rccەوە دیاری کرابوو بۆ وەرگرتنی خەڵات.

خەڵاتەکە لە پای بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانیی ڕۆژنامەنووس هێمن بابان ڕەحیم دێت لەبارەی مەزاری پەیامبەر ناحووم لە شارۆچکەی ئەلقوش لە هەرێمی کوردستان کە لە ژمارە ٢٠ـی گۆڤارەکە بڵاو بووەتەوە و تێیدا ئەوە ڕوون کراوەتەوە مەزارەکە بووەتە هێمایەک بۆ پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی موسوڵمان، کریستیان، جوو و ئێزیدی و هی دیکەش لەو ناوچەیە.

لەم بارەیەوە بۆتان تەحسین، بەڕێوەبەری دامەزراوەی (کوردستان کرۆنیکڵ) بە بڵاوکراوەی (گڵکەند)ی ڕاگەیاند "خەڵاتەکە دەستکەوتێکی مێژووییە بۆ کوردستان کە تێیدا ڕۆڵەکانی پێکهاتەکان لەوپەڕی ئارامیدا پێکەوە دەژین بەبێ کێشە لە ناوچەیەکدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و بەردەوام دەکوڵێت و ناوچەیەکی ناسەقامگیرە."

ئەوەشی ڕوون کردەوە بەدەستهێنانی خەڵاتەکە بەرپرسیارێتیی ئەوانی زیاتر کردووە و کار بۆ ئەوە دەکەن ڕووی گەشی کوردستان زیاتر بەدنیای دەرەوە بگەیەنن.

هەروەها ڕۆژنامەنووس هێمن بابان کە جێگری سەرنووسەری گۆڤاری (کوردستان بالعربي)یە و یەکێک لە گۆڤارە مانگانەکانی دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەری دەکات، بە (گڵکەند)ی گوت "هەرێمی کوردستان لانکەیەکی باشە بۆ پێکەوەژیان، ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکەی بەندە ئاماژەیە بۆ مێژوویەکی هەزاران ساڵە لە پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بەبێ کێشە".

کوردستان کرۆنیکڵ دامەزراوەیەکی میدیاییی توێژینەوەییە و دوو گۆڤاری مانگانەی بە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی، ڕۆژنامەیەکی پانزە ڕۆژ جاریی بەزمانی کوردی هەیە و بایەخ بەتوێژینەوە و مێژووی کورد و جوانییەکانی کوردستان دەدات. ●

# گەشتیاریی هەولێر بەئەلیکترۆنی دەکرێ

**گڵکەند**

لە هەنگاوێکی گرینگی کەرتی گەشتیاریی هەولێردا، کیو ئاڕ کۆد (QR code) لە ناوچە گەشتیارییەکان بۆ ڕێنوێنیکردنی گەشتیاران دادەندرێ، شارێکی ئاوی و چەند ناوچەیەکی بەرفرەوانیش بۆ مانەوەی گەشتیاران بنیات دەنرێن.

لە ماستەرپلانی نوێی هەولێردا، کە تا ساڵی ٢٠٥٠یە، پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری پشکی شێری بەردەکەوێ، بەگوتەی دلێر محەمەد بەڕێوەبەری گەشتوگوزاری هەولێر، لەمەودوا شاری هەولێر بەشێوەی بازنەیی گەورە نابێت، بەڵکو بەرەو ئەو ناوچانە درێژ دەبێتەوە کە ئاویان هەیە.

ئەو بەرپرسەی گەشتیاریی شارەکە بۆ (گڵکەند) ڕای گەیاند کە لە پلانیان دایە دوای دیاریکردنی سنووری بەنداوەکانی (بەستۆڕە، گۆمەسپان)، ناوچەکە بکەن بەشوێنێکی گەشتیاریی گەورە و مۆدێرن، کە هەموو پێداویستییەکانی گەشتیارانی تێدا دابین دەکرێت.

هەروەها بە تەواوبوونی مۆزەخانەی نیشتمانی لە هەولێر کە بڕیارە لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، کەرتی گەشتیاری لەو شارە دەچێتە قۆناغێکی نوێوە.

بەپێی زانیارییەکانی ئەو بەرپرسە گەشتیارییە، هەولێر لە ڕووی ژمارەی هۆتێلەوە یەکەمی پارێزگاکانی کوردستان و عێراقیشە، جگە لە هۆتێلی سێ ئەستێرە، ٢٢ هۆتێلی پێنج ئەستێرە و ٤٨ هۆتێلی چوار ئەستێرەی تێدایە. لە کۆی زیاتر لە سێ هەزار مۆڵەتی وەبەرهێنانیش لە کەرتی گەشتیاریدا لە هەرێمی کوردستان، یەک هەزار و ٥٤٥ مۆڵەتیان لە هەولێرن.

لە کاتی بۆنە و جەژنەکاندا، لە هەر کاتژمێرێکدا زیاتر لە هەزار گەشتیار ڕوو لە هەولێر دەکەن، لە ڕۆژانی ئاساییشدا ڕۆژانە زیاتر لە پێنج هەزار گەشتیار، کە زۆربەیان گەشتیارانی کەنداو و وڵاتانی بیانین.

تا ئێستە لە هەولێر ڕێبەرێکی گەشتیاریی پێشکەوتوو دروست نەکراوە، کە یارمەتیی گەشتیار بدات بۆ دۆزینەوەی شوێنی مەبەست و گەڕان بەناوچە شوێنەواری و دێرین و گەشتیارییەکاندا، بەرپرسەکەی گەشتوگوزاری هەولێر دەڵێ پرۆژەیەکی نوێیان لە قۆناغی کۆتایی دایە و بەم نزیکانە دەخرێتە خزمەتی گەشتیاران، کە بریتییە لە دانانی (کیو ئاڕ کۆد) لە زۆربەی ناوچەکانی شار بەناوی «کیو ئاڕ کۆدی گەشتوگوزار»، کە بەزمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی دەبێت.

دلێر محەمەد دەشڵێ بۆ وەگەڕخستنی دەستی کاری ناوەخۆیی، مەرجە هەموو ئەو شوێنانەی مۆڵەت لە دەستەی گەشتوگوزار وەردەگرن ٧٥٪ی کارمەندەکانیان هاووڵاتیانی کوردستان بن. ●

## کۆنسوڵی گشتیی هیندستان:

# تامی کەبابی هەولێر و باشووری هیندستان یەکە



وێنە: ڕێبەند سەعدوڵا

لە هەولێردا، کە گرینگیی چێکردنی پردی کولتووری هیچی کەمتر نییە لە کردنەوەی ڕێڕەوی بازرگانیی نوێ، نزیکەی دوو ساڵە مادان گۆپاڵ کۆنسوڵی گشتیی هیندستان وەك کەسایەتییەکی کارا ڕۆڵی هەیە لە فراوانکردنی پەیوەندییەکانی هیندستان و کوردستان، تەنها لە ڕووی بازرگانی و پەروەردەوە نا، بەڵکو لە ڕێگەی سینەما و یاریی کریکێتیشەوە. بەپێکەنینیشەوە دەڵێ هەموو کەسێک حەزی لە فیلمی هیندییە، نایشیشارێتەوە کە زۆر حەزی لە کەباب یاسینە و لەوێندەر هەست دەکا لە ماڵی خۆی دانیشتووە.

**دوریا ئازاد جندیانی**

مادان گۆپاڵ لە دیدارێکی (گڵکەند) ڕای دەگەیەنێ لە هەردوو ڕووی کولتووری و بازرگانییەوە پەیوەندیی نێوان هیندستان و کوردستان لە پەرەسەندن دایە. ئاماژە بەوەش دەکات کۆمپانیای گەورەی بازرگانیی هیندی لە کوردستان نین، تەنها چەند کۆمپانیایەکی سنووردار لە بواری نەوت و وزە لێرە کار دەکەن، هەروەها لە بواری کاشی و سیرامیکیش. بەڵام بەم دواییە کۆنسوڵخانەکە ئەنجوومەنی بازرگانیی هیندی-کوردستانی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، بەم بۆنەیەوە ژمارەیەکی بەرچاوی کۆمپانیای هیندی بۆ بەشداریکردن سەردانی هەولێریان کرد.

کۆنسوڵخانەی گشتیی هیندستان کە لە ٢٠١٦ەوە لە هەولێر کراوەتەوە، ئێستە هەموو جۆرە ڤیزایەکی وڵاتەکە دەبەخشێت، لەوانەش ڤیزای تەندروستی لە ماوەی دوو ڕۆژدا دەبەخشێت، هەروەها ڤیزای گەشتیاری، خوێندن و بازرگانی لە کاتی ئاساییدا دەبەخشن.

کۆنسوڵی گشتی باس لەوە دەکات کە سکۆڵەرشیپی هیندییان هەیە بۆ عێراق کە ژمارەیەکی بەرچاوی بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت و هەموو ئاستە زانستییەکان دەگرێتەوە. (ئای سی سی ئار سکۆڵەرشیپ)ی هیندی پار بۆ شەش قوتابیی کوردستان دەرچوو، مادان پێشبینی دەکات ئەمساڵ ژمارەکە بەرز بێتەوە. بە ڕای ئەو داواکردنی سکۆڵەرشیپەکە زۆر ئاسانە و هەر کەسێک دەتوانێ لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە و کردنەوەی لینکی وێبسایتی ICCR scholarship داواکاریی وەرگرتنی سکۆڵەرشیپەکە پڕ بکاتەوە.

هەروەها بەگرینگییەوە باس لە بەرنامەیەکی خوێندن دەکات کە بۆ خەڵکی کوردستان بەردەستە بەناوی بەرنامەی (ITEC)، دەڵێ ئەو بەرنامەیە بۆ کارمەندانی حکوومەت و خەڵکی ئاساییە، کۆرسی تایبەتە کە دوو هەفتە بۆ سێ هەفتە دەخایەنێ، ساڵی ڕابردوو ٥٠ کەس لە کوردستانەوە چوون بۆ هیندستان و بەشدارییان لە بەرنامەکەدا کرد. ئێستەش دەیانەوێت ئەم بەرنامەیە زیاتر پەرە پێ بدەن، بەتایبەتی کە بۆ کەرتەکانی پەروەردە، کشتوکاڵ، بانک، تەکنەلۆژیا و IT گرینگیی زۆری هەیە.

کۆنسوڵی گشتیی هیندی پەسنی پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکان و ئاینە جیاوازەکان لە هەولێر و کوردستان دەدات، هەروەها نموونە بە وڵاتەکەی دەهێنێتەوە بەوەی ئەگەر تەنها گوگڵی بکەیت، دەزانی کۆمەڵگەی هیندی هەموو ئاین و نەتەوەکانی قبوڵ کردووە و هیندستان بە هەمەجۆری و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی ناسراوە و هەموو ئاینەکانی جیهان لەوێ جۆرێک لە ئامادەبوونیان هەیە.

دەڵێ "هەمان شت بۆ هەولێریش ڕاستە، موسوڵمان، مەسیحی، کاکەیی و ئێزدییەکان بەئاشتییانە پێکەوە دەژین و چێژ لە ژیان وەردەگرن، ئەمەش باشترین نیشانەیە، ئێمە هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرز دەنرخێنین بۆ بەرەوپێشبردنی پێکەوەژیانی ئاشتییانە".

لەلایەکی دیکەوە کۆنسوڵی گشتیی هیند باسی کارمەند و کرێکارە هیندییەکان دەکات لە هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی ژمارەیەکی وردیان نییە، بەڵام بەنزیکەی هەشت هەزار هاووڵاتیی هیندی دەخەمڵێنێ، لە تەواوی عێراقیشدا نزیکەی ٣٥ هەزار هاووڵاتیی هیندی هەن، دەشڵێ کۆنسوڵخانەکەیان لە خزمەتی ئەو هاووڵاتییانە دایە و لە پەیوەندی دان لەگەڵیاندا، لە بۆنەکاندا چاویان پێیان دەکەوێت و پێکەوە ئاهەنگەکانیان دەگێڕن.

زۆربەی ئەو هیندییانەی لە کوردستان دەژین، هیندۆسن، بەڵام موسوڵمان و مەسیحیشیان تێدایە، کۆنسوڵی گشتیی هیندستان دەڵێ تا ئێستە پەرستگەی هیندۆس بۆ هیندۆسەکان نەکراوە، بەڵام ئەمە دەکەوێتە سەر ئەو هیندۆسانەی لێرە دەژین، ئەگەر بیانەوێت پەرستگە بکەنەوە، ئەوا لە کۆنسوڵخانە پشتگیرییان دەکەن.

لە چەند دەیەی ڕابردوودا فیلمی هیندی زۆرترین بینەری هەبوو لە کوردستان، کۆنسوڵی هیندستانیش پێی وایە هەموو کەسێک حەزی لە فیلمی هیندییە، لەم بارەیەوە باسی بەشداریکردنیان لە فیستیڤاڵی فیلمی دهۆک دەکات کە هیندستان وڵاتی سەرەکی بوو، ژمارەیەکی بەرچاوی فیلمی هیندی تێدا نمایش کرا. هەروەها باس لەوە دەکات کە جار بەجار بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی سینەمای هەولێر لە هۆڵەکاندا فیلمی هیندی نمایش دەکەن.

باس لە یاریی نەتەوەییی هیندستانیش دەکات کە کریکێتە و دەڵێ مانگی ڕابردوو بە بەشداریکردنی چەند تیمێک، پاڵەوانیەتییەکی یاریی کریکێت لە هەولێر ساز کرا، ئەوان لە ڕووی ڕاگەیاندن و ڕێکخستنەوە هاوکارییان کردوون.

هەروەها بابەتی یۆگا وەبیر دێنێتەوە کە لە هیندستاندا گرینگیی زۆری پێ دەدرێ، ئەوان وەکو ساڵانی ڕابردوو بڕیارە مانگی داهاتووش بەبۆنەی ڕۆژی یۆگاوە، لە هەولێر ڕێوڕەسم و چالاکیی تایبەت ئەنجام بدەن.

گۆپاڵ لە تەمووزی ٢٠٢٣ەوە لە هەولێر دەستبەکار بووە، پێشبینی دەکات چەند مانگێکی دیاریکراوی لێرە مابێت، بەر لەوەی ئەرکەکەی وەکو کۆنسوڵ تەواو بێت، بەڵام ئەوەی لە یاد ناچێ کە لەو ماوەیەدا چێژی زۆری لە خواردنی کوردی بینیوە، دەشڵێ ناندینی کورد زۆر جیاواز نییە لە ئی هیند، هەندێک لە شێوە جیاوازن، بەڵام لە تام زۆر نزیکن لە یەکدی

باسی کەباب یاسین دەکات لەناو بازاڕی هەولێر، دەڵێ "کەبابێکی بەتامیان هەیە کە هاوشێوەی کەبابی باشووری هیندستانە، کاتێک لە کەباب یاسین نان دەخۆم هەست دەکەم لە وڵاتی خۆمم."

باس لەوەش دەکات کە چێژ لە هاوڕێیەتیی باش و میوانداریيەتیی گەرم لەگەڵ کورد لە تەواوی هەرێمی کوردستان وەردەگرێ. خەڵکی هەولێر بەمیواندۆست وەسف دەکا و دەڵێ کورد بە گشتی بەخێرهاتنی هیندییەکان دەکەن و بەئاسانی تێکەڵیان دەبن.

کۆنسوڵ دڵنیایە لەوەی دوای تەواوبوونی ئەرکەکەی، بە سەردان دێتەوە کوردستان و خێزانەکەشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ، چونکە وەک خۆی دەڵێ نایەوێ میواندۆستیی کورد و هاوڕێیەتیی گەرموگوڕی کورد لە دەست بدات.

# بۆچی کۆییەکان بە چەرەزات دەڵێن

# برێشکە؟

شلێر سەعید

لە وراتی کۆیە زۆر وشە و ناو هەن تایبەتن بەخەڵکی شارەکە، ئەوان ناڵێن خوێن، دەڵێن خوون، ناڵێن خوێندنەوە، دەڵێن خوندنەوە. بەڵام برێشکە بەشێوەیەکی جیاواز یەکێ لە وشە یان ناوە تایبەتەکانیانە، کۆییەکان بەچەرەزات و بەتایبەتییش بە گوڵەبەڕۆژەی برژاو دەڵێن برێشکە، بەڵام لە ڕاستیدا گوڵەبەڕۆژە برێشکە نییە.

کاتێک بەدوای سەرچاوەی ناوی (برێشکە) دا دەگەڕێی، تووشی بیروبۆچوونی جیاواز دەبی، یەکێکیان دەڵێ ناوی کیژەکی ڕووسییە و کاتی خۆی لە کۆیە برێشکەی فرۆشتووە، هەندێکیش دەڵێن پیاوێکی کۆیی لە ڕووسیا ژنێکی هێناوە بە ناوی بریشکا و هێناویەتییەوە کۆیە، بەڵام ئەم بۆچوونانە بەزانستی پشتڕاست نەکراونەتەوە.

جەبار سابیر پڕۆفیسۆر لە بواری یاسا و شارەزا لە مێژووی کۆیە سەبارەت بەناوی (برێشکە) دەڵێ جاران گەنم و تۆوی گندۆرە و شووتی و بادەمچە و قەزوان، تۆزێک خوێ و ئاویان پێدا دەکرا و سوێر دەکرا، پاشان لەناو سێڵ دەیانبرژاند یان نۆکیان دەخستە ناو زیخ، پێی دەگوترا برێشکە.

بەگوتەی ئەو شارەزایە، سەرەتا خەڵکی کۆیە نە تەڕەتیزە و نە برێشکەیان دەخوارد، چونکە بە خواردنی تایبەت بە جووەکانیان دەزانی، بەڵام دوای ئەوەی جوو لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو کۆیەیان بەجێ هێشت، کۆییەکان ڕوویان کردە خواردنی تەڕەتیزە و برێشکە، بەتایبەت لە حەفتاکاندا گوڵەبەڕۆژە دەبرژێندرا و لەناو بازاڕ پیاڵەیەکی بە فلسێک یان عانەیەکی ئەوکات دەفرۆشرا.

لای خۆیەوە دوکتۆر چیا عەلی مامۆستای زمانەوانی لە زانکۆی ڕاپەڕین، دەڵێ وشەی برێشکە تەنیا لە کۆیە نییە، بەڵکو لە چەند ناوچەیەکی جیاوازی گەرمیانیش بەکار دێت، لە هەمبانە بۆرینە و فەرهەنگی خاڵیشدا بەکار هاتووە، بەڵام بەگشتی بەمانای دانەوێڵەیەک ئاماژەی پێ کراوە کە لەسەر ئاگر دەبرژێنرێت، واتە سەرچاوەی وشەی برێشکە لە پرۆسەی برژاندنەوە هاتووە.

محەمەد دارياس نووسەر و شاعیری کۆیە دەڵێ برێشکە لە جووەکانەوە بەجێ ماوە، کاتی خۆی کە میوانداریی موسوڵمانەکانی کۆیەیان دەکرد، گوڵەبەڕۆژەیان بۆ دادەنان، دوای نەمانی جووەکان، لەناو موسوڵمانانیش خواردنی برێشکە بووە باو.



وێنە: ژیری دەستکرد



عەبدولباسیت فەرهادی

## خەڵک هەراسان مەکەن

ئاشکرایە ئازادیی ڕەها بۆ کەس نییە، سنووری ئازادیی هەر تاکێک لەناو کۆمەڵگە کۆتاییی دێ کاتێ ئازادیی کەسێکی دیکەی پێشێل کرد. یاساکانیش بۆ ڕێکخستن و دیاریکردنی ئەرک و مافی هەر تاکێک لەناو کۆمەڵگە داڕێژراون.

ڕۆژانە سەدان پێشێلکاریی یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکان دەبینین و دەبیستین. تۆ کە لەناو ماڵی خۆت خەریکی ژیانی ڕۆژانەی گوناهت چییە گوێگری هاتوهاوار و بانگکردن و جاڕدان بەدەنگێکی هەراش و ناخۆشی (کۆنە سەلاجە دەکڕین، کۆنە مافووری دەکڕین، ئاسنی دەکڕین، ئاردی دەکڕین) بیت.

ئەم پیکەبە نەگەیشتووەتە سەری کۆڵانێ بەنگلادیشییەک عارەبانە پڕ مەرکان و گوڵەکانی پاڵ دەدا و بەبڵندگۆیەک هاوار دەکا (یەڵڵا گوڵ، گوڵی جوان، گوڵی نازدار، گوڵی هەرزان).

لە هەمان کات دەنگی لەگەڵ دەنگی کابرای زڕتەبۆر تێکەڵ دەبێ (یەڵڵا پاقلە و پاقلاوە)، باشە پاقلە و شێلم بیستراوە، وا بزانم بەس لەبەر لێکچوونی پیتەکانی پاقلە و پاقلاوەی پێکەوە دەفرۆشی.

دەیانگوت کابرایەکی فرۆشیاری گەڕۆک هەبوو وەک کۆنە دێوەرەکانی جاران، بەدوو زەمبیلی گەورە باری گوێدرێژێکی هەڵدەگرت و جاڕی بۆ بابەتەکانی دەدا و دەیگوت بنێشتی کوردی، سیمی هیربالان، گلەسۆر، دۆخینی چاک، کلی مەدینەی، سابونی حەلەبێ، دەرمانی کێچ و ئەسپێ، دەرمانی حەمامێ، حەبی ژانەسەر، حەبی عەمەلی، عەلەتریکی دەستی، دەرزیی لێفان.

یاسا ڕێگر نییە لە بەردەم کاسبیکردن و لەمپەر و کۆسپی بۆ دانانێ، بەڵام ڕێگەش نادا خەڵک هەراسان بکەن.

لە ماددەی ٤٨٨ بڕگەی دووەم لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ کە ئێستە لە سەرتاسەری عێراق و هەرێمی کوردستان کاری پێ دەکرێ، باس لە سزادانی ئەو کەسانە دەکا کە لە شەقامە گشتییەکان بەدەنگی بەرز و ناخۆش بانگهێشت بۆ کەلوپەلەکانیان دەکەن و بە تاوان و سەرپێچی لە قەڵەمی داون، کاری پۆلیس و ئاسایش و هاووڵاتییانە ئەم دیاردە ناشیرینە نەهێڵن و ڕێگریی لێ بکەن بەپێی یاسا.

دەڵێن کەسایەتییەکی ناوداری هەولێری ڕۆژانە کە لە فەرمانگە دەهاتەوە و دوای نیوەڕۆ دەیویست بخەوێ و تۆزێ بحەسێتەوە، بەڵام لەبەر کرێمستیفرۆشێک کە بەتایبەتی لە هاوینان بە چرقەی نیوەڕۆیێ هاواری دەکرد (سارد و شیرینە کرێمستی، کەلەتەزێنە بەهەموو تامێک قاوە و شیر و هەنار و پرتەقاڵ). ئەو کەسە ڕۆژێک ڕای گرت گوتی ڕۆژێ لەم کۆڵانەی ئێمە چەند دەفرۆشی؟ ئەویش ژمارەیەکی گوت، کابرا گوتی ئەوە پارەی دوو مانگی هاوینێ لێرە هاوار مەکە با بەئیسراحەتی بخەوم.

# خواست بۆ شوقە کەم و بۆ خانوو زیاد دەکات


وێنە: ڕێبەند سەعدوڵا

دیمەنێکی گەڕەکی سەربەستی و ئیمپایەر وۆرڵد لە هەولێر

**بیلال سەعید**

”کاتێک کاتی تەواوبوونی پڕۆژەکانی شوقە دیار نییە، ڕۆژ بە ڕۆژیش نرخەکەی لە دابەزینە، ناهەقم نییە نەوێرم شوقە بکرم و دەترسم لەوەش وەبەرهێنەر تەواوی نەکات“.

ڕێبوار عەلی (٣٦ ساڵ) وا دەڵێ، ئەو پلانی کڕینی یەکەیەکی نیشتەجێبوونی شوقەی هەبوو، بەڵام هاوڕێکانی بەزانیارییەکانیان لەسەر بازاڕی شوقە پەشیمانیان کردووەتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی (گڵکەند)، لە سنووری پارێزگەی هەولێر تا کۆتاییی ساڵی ڕابردوو کارکردن لە ٣٨ پڕۆژەی نیشتەجێبوونی شوقە هەبووە و بەشێکی زۆری لە نێوان یەک ساڵ تا سێ ساڵی دیکە تەواو دەبن و لە ڕێگەیانەوە زیاتر لە ٥٠ هەزار شوقە بۆ بازاڕی هەولێر زیاتر دەبێت.

سەبارەت بە پڕۆژەکانی شوقەش، (گڵکەند) زانیویەتی پرۆسەی بەبازاڕکردنی چەند پڕۆژەیەکی دیکەی شوقە دانراوە کە هەریەک لە پڕۆژەی ڤانە تاوەرز، ئارام تاوەرز، کینگ تاوەرز، عەینکاوە ڤیو و ڕێماس هەن، چاوەڕوان دەکرێت تا ناوەڕاستی ئەمساڵ پرۆسەی فرۆشتن دەست پێ بکەن.

پڕۆژەکانی ڤێللا بەراورد بە شوقە لە سنووری هەولێر کەمترە و بەشی زۆری دەکەوێتە زۆنی ئەڵماسی هەولێر و بەو پڕۆژانە دەگوترێ کە دەکەونە نێوان جادەی مووسڵ و جادەی شەقڵاوە.

لە سنووری پارێزگای هەولێر ژمارەی پڕۆژەکانی ڤێللا تا کۆتاییی ساڵی ڕابردوو تەنیا ٨ پڕۆژە بووە، بەڵام پلانی هاتنە بازاڕی چەند پڕۆژەیەکی تازەی ڤێللا تا کۆتاییی ناوەڕاستی ئەمساڵ هەیە، ئەوانیش هەریەک لە پڕۆژەکانی کامبریج ڤیڵەج، بەشی دووەمی ڤێللاکانی ئۆلیف ستی، لە نزیک پڕۆژەی زانەر پڕۆژەیەکی دیکەی ڤێللا ناوی دیار نییە و کارکردنی تێدایە، بەهەمان شێوە لە جێگەی گوندی ڕەشکینی پێشتر پڕۆژەیەکی ڤێللا دێتە بازاڕ، بۆ جاری دووەم بەبازاڕکردن بۆ پڕۆژەی پاڤلیۆنیش دەستی پێ کردووەتەوە.

حاجی سەردار بەڕێوەبەری پڕۆژەی ڕێماس ستی، کە پڕۆژەکەی تێکەڵەیەکە لە یەکەی نیشتەجێبوونی ڤێللای گرانبەها و شوقە، پێی وایە پرۆسەی بەبازاڕکردنی هەریەک لە ڤێللا و شوقە لە بازاڕ هەیە و کڕیارەکانیان جیاوازە.

حاجی سەردار کە ئەزموونی ڕابردووی لە هەریەک لە پڕۆژەی شوقە و خانوو هەبووە، دەڵێ ”بەدڵنیاییەوە شوقەیەکی زۆر لە بازاڕ هەن و ئەم بابەتە دوو لایەنەیە، بەڵام دەتوانین بڵێین ئێستە هاووڵاتییان وردتر بڕیار دەدەن لەوەی لە کێ موڵک بکڕن؟ ئایا تەواو دەکرێ یان نە؟ کڕیاری هەردووکیان هەیە، بەڵام شێوازی کڕین گۆڕاوە و هاووڵاتییان پرسیاری زیاتر دەکەن چونکە هۆشیار بوونەتەوە“.

لای خۆیەوە موخڵیس محەمەد بەڕێوەبەری کۆمپانیای بزنس دەی پێی وایە هاتنی ژمارەیەکی زۆری پڕۆژەی شوقە بۆ بازاڕ کاریگەری نەرێنیی لەسەر بازاڕی خانووبەرە دروست کردووە، چونکە خستنەڕوو لە خواستی بازاڕ زیاتر بووە، پێویست بوو بەپلان بێتە بازاڕ، ئەوانەی ئێستە لە قۆناغی دروستکردنن بازاڕیان زۆر دابەزیوە و کڕیاریان کەمی کردووە، بەڵام ئەو پڕۆژانەی تەواو بوون گرفتیان نییە یان کێشەی بەبازاڕکردنیان کەمترە.

بەڕێوەبەری کۆمپانیای عەقاراتی بزنس دەی ئاماژە بەوەش دەکات لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا بازاڕ بەشێوەیەکی گشتی گۆڕانکاریی بەخۆیەوە بینیوە و ئێستە خواست لەسەر زەوی و ڤێڵلا زیادی کردووە، بەتایبەت ئەوانەی زەوی دەکڕن بۆ دوورمەودا دەیانەوێت قازانج بکەن و ئەوانەی ڤێللا دەکڕن زیاتر خێزانە گەورەکانن.

بەڵام محەمەد شوانی بەڕێوەبەری کۆمپانیای عەقاراتی ماڵ و موڵک، هۆکاری زیادبوونی خواستی هاووڵاتییان بۆ کڕینی ڤێللا و خانوو بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە نرخەکانی بەردەوام لە بەرزبوونەوەیە و بەپێی کولتووریش، خەڵک ئارەزوویان لە ڤێللا و خانووە نەک شوقە، ئەوانەی خاوەن پارە و سامانیشن بۆ خۆیان زیاتر لە کەشوهەوای خانوو و ڤێللا گەورە بوون.

محەمەد شوانی کە کۆمپانیاکەی لە خانوو و شوقە و ڤێللاش کار دەکات بە (گڵکەند)ی ڕاگەیاند ”هێشتا بەشێکی زۆری هاووڵاتییان ڕایان وایە لە داهاتوو ئەگەر شوقە بکڕن نابن بەخاوەنی خانوو و ڤێللا، هەروەها ئەزموونی دواکەوتن و تەواونەکردنی پڕۆژەکانی شوقە کاریگەری زۆر خراپی هەبووە، پرۆسەی خێزانی پێکەوە گرێدراویش کاریگەری هەبووە، بۆ نموونە کوڕێک یان کچێک یان چەند برا و و خوشکێک دەیانەوێت لە خێزانە گەورەکانی وەک باوک و دایک لە کۆڵان و گەڕەکێک بن، کە ئەمە لە شوقەدا نارەخسێت“.

## لە وەستا محەمەدی هەولێرییەوە تا ڤاتیکان

# چیرۆکی کورسییە سپییەکەی پاپای کۆچکردوو



وێنەیەکی پاپای کۆچکردوو لەکاتی وتارداندا لە مووسڵ



وەستا محەمەد لە شوێنکی کارەکەیدا

**هەژار مەجید**

لە گۆشەیەکی تژیی بەهرەی هونەریدا، دارتاشێکی گەنجی هەولێر بەبێدەنگی لەسەر پشتی دار، دیرۆکی پێکەوەژیانی ئاینە جیاوازەکان بە نەخش دەگێڕێتەوە. ئەو خاوەنی کورسییە سپییەکەی پاپای کۆچکردووی ڤاتیکانە، کە لە دیدارە جەماوەرییەکەی مووسڵدا لەسەری دانیشت و دواتر گوازرایەوە ڤاتیکان.

سەردانە مێژووییەکەی پاپا فرانسیسی کۆچکردوو لە ساڵی ٢٠٢١دا بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، بۆ وەستا محەمەد سەعدیی تەمەن ٤١ ساڵ دەرفەتێکی نایاب بوو، ئەو توانی لە ماوەی چوار ڕۆژدا بەم بۆنە شکۆدارە، کورسییەکی تایبەت دابتاشێ، کورسی لە هەولێرەوە گوازرایەوە بۆ مووسڵ و لە دوای کۆتاییهاتنی ڕێوڕەسمەکانیشدا، ڤاتیکان بووە دوا وێستگەی سەفەری کورسییەکەی وەستا محەمەد.

ئەو کورسییە کە بەشێوەی سێ ڕەهەندی هێما ئاینییە مێژووییەکانی کریستیانی لەسەر نەخشێندرابوو، بەدەستپێشخەریی وەستاکە خۆی دروست کرا، محەمەد سەعدی لەم بارەوە بۆ (گڵکەند) دەڵێ «وەکی زانیم پاپا دێت، فکرم لەوەی کردەوە هەدیەکی تایبەتی هەولێرییانەی لۆ دروست کەم، بە چار ڕۆژ ئیشەکەم تەواو کرد».

داری زەنی ڕۆمانی، قوماشی کەتان و ئیسفەنج لە دروستکردنی کورسییەکە بەکار هاتوون، تێچووی تەنها ٨٠٠ دۆلار بووە.

ئەو دارتاشە کە تا پۆلی سێی ناوەندیی خوێندووە، لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە دەستی بە پیشەکەی کردووە و لە باوکییەوە بۆی ماوەتەوە، ئەو بە جۆرێک وابەستەی کارەکەیەتی، ڕۆژانی پشووش دەچێتە دوکانەکەی.

ئەو جگە لە دارتاشی، بەدروستکردنی وێنەی کەسایەتییە جیاوازەکان و هێما مێژووییەکان بەشێوەی سێ ڕەهەندی لەسەر ڕووی دار، سەرنجی کەسایەتی و دیبلۆماتکارە بیانییەکانیشی ڕاکێشاوە. بۆ کارەکانیشی دارەکانی سندیان، زەن، ئێم دی ئێفی خام بەکار دەهێنێ و پێی وایە داری زەن باشترینیانە.

ئەو دارتاشەی هەولێر سەرجەم کارەکانی سەر دەرگە و وێنەی حەزرەتی مەریەمی پاکیزەی سەر دیوار و کورسیی کڵێسای ئووریشی بەشێوەیەکی سەردەمییانە نەخشاندووە، کە یەکێکە لە کڵێسا گەورەکانی عێراق، هەروەها لەناو هۆڵی مزگەوتەکانی شاری هەولێریش چەندین نەخش و هێمای سەرنجڕاکێشی دروست کردووە، وێنەیەکی تاوسیشی بۆ پەرستگەی لالش بە دیاری بۆ کوردانی ئێزیدی نەخشاندووە.


محەمەد نیازی وایە لە داهاتوودا پەیکەرێکی دار لە شوێنێکی گونجاوی شاری هەولێر دروست بکات کە باس لە مێژوو و کولتووری شارەکە بکات.



وێنەیەکی کورسییەکەی وەستا محەمەد لە مووسڵ

---

## 300 لۆ هەولێر



شێرزاد هەینی

## پانۆراما

لە باڵەخانە بەرزە دوازدە نهۆمەکەمانەوە دێمە خوارێ. چەند هەنگاوێک دەڕۆم، هەست لە ڕژانی ئاوی تانکیی سەربانێک ڕادەگرم، کەس دیار نییە پێی بڵێم لۆ ناگرنەوە! چاوم لەبەر پێمە، نەوەک ساتمەیەک لە سەرەشیشەکانی ڕێکلامی هەڵبژاردنی ڕابردوو بکەم، نەکەومە ناو ئەو مەنهۆڵانەی قەپاغیان لە ترسی لافاوی زستان هەڵدرانەوە.

دەگەمە ترافیکلایتەکە، ئەگەرچی سوورە، بەڵام دوودڵم و دەترسێم بپەڕمەوە، نەوەک ماتۆڕێک لە ناکاو، فیشەکەشێتانە دەرپەڕێ، دووسەد مەتر فڕێم بدا!

ئەوجە دەگەمە تەنیشت پارچە زەوییەکەی، شوورە شڕە شکاوەکەی، شەوانە گەنجان لەسەر بلۆک، مەشروبی تێدا دەخۆنەوە، عەلاگە ڕەشەکانیش لەوێ جێ دەهێڵن.

دەگەمە مۆزەی شارستانیی هەولێر، خەمی زۆرە، بە دوو باڵەخانە، دوو و سێ خانووی ئەو کاتی حکومی؛ بەژن، مێژوو و سەرەوەریی گردی قالینچ ئاغایان شاردیتەوە، هیچی دیار نییە، شتێک بۆ مێژوو بگێڕێتەوە.

دەگەمە چوارچرا، هوتێلەکەی سەردەمێک مەڵبەندێکی هونەری بوو، خاوەنەکەی ڕۆحی شاد، پشتیوانیی گەورەی هونەرمەندانی دەکرد.

باڵەخانە جامخانە بەرزەکەی تەواو بووە، نزا و دوعای هوتێل هەورەمانی لێ کراوە، چونکە لە شوێنی ئەو قیتیان کردەوە، بینایە بەردینە جوان، باخە زۆر گەورەکەیان بۆ تەخت کرد.

دەگەمە هۆڵی میدیا، دەچم سەیری نمایشی چەندان تابلۆی هونەریی باڵا، هەندێ جاریش سادە و ناشیرین دەکەم! بەرانبەر هوتێل زەیتونەم، سڵاوێک لە پەیکەرە سپییەکەی هونەرمەندی گەورە تەڵعەت سامان دەکەم، شاکارەکانی ئەوم بەبیر دێتەوە، دەتوانم بڵێم؛ یەکەمین نووسەری دەقی شانۆیی ڕەسەنی کوردیی نیشتمانییە

ئەگەرچی یانەی مامۆستایان ماوە، بەڵام دیار نییە، جاران دیداری هەمووان بوو، مەشروبخۆری ئەو شارە نییە لەوێ فەریدەی نەخواردبێتەوە، دەمەتەقێی سیاسی و ئەدەبیی نەکردبێت، کەلاوەکەی هۆڵی گەل، ماکێکی شەرمەزارییە، لات و کەساس دەنووزێتەوە، ناشیرین ڕاگیراوە.

بەکۆڵانەکەی بەرانبەری بەرەو بازاڕی نیشتمان دەڕۆم، جاران ڕیزێک خانووی حکومی بوو، زۆربەی فەرمانبەرە دیارەکانی شار، لەوێ کرێچی بوون!

دەگەمە گۆشەیەکی قەبرستانی «چراخ»، ئەگەرچی شوێنی مردووان بوو، بەڵام جەژنان لەوێ سەیرانی خۆشمان کردووە، بە چەرخوفەلەکە دارە شڕەکان، بەبێ ڤیزا دەفڕین و دەچووینە بەرزاییی ئاسمان، لەوێ لە دیار گەمەی لگاو، پاقلاوەفرۆش، کرێمستی، کەر و عارەبانەکان دەوەستاین!

ڕووبەڕووی بازاڕی نیشتمان دەبمەوە، هەیکەلە گەورەکە، چیایە وشکەکە، دێوە ناشیرینەکە، چەند گەورەیە ئەوەندە بێ سوودە. نوێیە، بەڵام هاوچەرخ نییە.

# ژنە کۆرییەکەی شۆڕش:

# لە نیشتمانی خۆت سەرکەوتوو نەبی، لە هەندەرانیش نابیت



وێنە: سەفین حەمید

که هاتنە هەولێر، لە گەڕەکی شۆڕش دانیشتن، وەك بیانییەکانی دیکە نەچوونە ئەو ناوچانەی بیانییەکانی لێ کۆ بوونەتەوە، بەڵکو وەك سووکی هۆنگ دەڵێ "ویستم لەناو خەڵکی شارەکەدا بژیم و لە نزیکەوە بیانناسم".

**قاسم خدر**

ئەو وانەبێژی زانکۆ، خاوەنکار و پەرەپێدەری پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و کۆریایە، لەو دیدارەی (گڵکەند) سەربردەی کار و ژیانی ١٢ ساڵەی رابردووی لە هەولێر و کوردستان دەگێڕێتەوە.

سووکی لەبارەی ژیانی لە هەولێر، ئەوەی لەبیرە کە چۆن دراوسێکانی لەگەڵی باش بوون و نەیانهێشتووە هەست بە غەریبی بکات. دەڵێ "زوو زوو خواردنی کوردییان بۆ دەهێنام، هەستم دەکرد لەناو کەسوکاری خۆمم". باسیش لە ئافرەتێکی بەتەمەنی دراوسێیان دەکات کە لە خۆشەویستیان هەر بە (دایە) بانگی دەکرد.

ئەو ژنە بە ڕەچەڵەک خەڵکی کۆریای باشوورە و خاوەن ڕەگەزنامەی ئەمەریکیە، باسی سەرەتای گەشتەکەی بۆ ئەو ناوچەیە دەکات کە بەتەما نەبووە گەشتێکی بۆ سووریا لە ساڵی ٢٠٠٨، ڕێڕەوی ژیانی بگۆڕێت.

لە کاتی گەڕاندا بە کۆڵانەکانی دیمەشق و بازاڕەکانی حەلەب، بۆ یەکەم جار بە گەلی کورد ئاشنا بووە و دەڵێ «ئێمە زمانی یەکدیمان نەدەزانی، بەڵام دەمودەست هەستم بە پەیوەندیی نێوان کۆرییەکان و کوردەکان کرد، هەردوو گەل ئەزموونی خەبات و دیرۆکی پڕئازاری بێبەشبوون لە سەربەخۆییان لە ناخی خۆیاندا هەڵگرتووە".

تەنانەت دوای گەڕانەوەشی بۆ ئەمەریکا، کە بیست ساڵی تەمەنی تێدا لە نێوان خوێندن و کارکردن لە هەردوو کۆمپانیای سامسۆنگ و هێڵە ئاسمانییەکانی کۆریا بەسەر بردووە، ئەو هەستەی هەر لە دڵ مابوو. بە تێپەڕبوونی کات، بە خۆی و هاوسەرەکەی لە ڕۆتینی ژیانی ئەوێ بێزاربوون. دەڵێ: «ژیان لە ئەمەریکا تەنیا کار و نووستنی دووبارە بوو. ئێمە بە دوای واتایەکی قووڵتردا دەگەڕاین".

بۆ گەڕان بەدوای ئەو واتایە، لەگەڵ جەی هاوسەری بڕیاریان دا واز لە کارەکانیان بێنن و لە چوارچێوەی پرۆگرامێکی خۆبەخشی بێنە کوردستان کە بڕیار بوو دوو ساڵ بخایەنێت، بەڵام چارەنووس بە ئاراستەیەکی دیکەیدا بردن. پێش سەفەر، پشکنینێکی پزیشکی ڕۆتینی دەریخست کە جەی لە قۆناغی سەرەتایی شێرپەنجەی ڕیخۆڵە دایە. «ئەگەر بڕیارمان نەدابا سەفەر بکەین، زوو بەو نەخۆشییەمان نەدەزانی. تەنانەت پێش ئەوەی بگەینە ئەوێ، کوردستان دەرفەتێکی تازەی ژیانی پێبەخشین".

سەرەڕای ئەو هەواڵە، لە چلەی هاوینی ٢٠١٣ گەیشتنە هەولێر، پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرا، بە مەبەستی تێکەڵبوون بە کۆمەڵگەی کوردی بڕیاریان دا لە گەڕەکێکی میللی نیشتەجێ بن، سووکی دەڵێ «دەر و دراوسێ خێرا دەرگە و دڵیان بۆ کردینەوە، خواردنیان پێشکەش دەکردین و وەک خانەوادەی خۆیان باوەشی ئارامییان بۆ کردینەوە».

زۆری نەبرد سووکی لە زانکۆی سابیس و دواتریش لە زانکۆی کوردستان-هەولێر، دەستی بە گوتنەوەی وانەی ئابووری کرد. منداڵەکانیان نۆ ساڵان و دە ساڵان بوون، خێرا تێکەڵ بە کۆمەڵگەی کوردی بوون، چوونە قوتابخانە و وشەی کوردی فێر بوون و هاوڕێیان پەیدا کردن. تەنانەت دوای ئەوەی بۆ خوێندن چوونەتە دەرەوە، هێشتا کوردستانیان لە دڵدا ماوە.

ئێستا سووکی بەڕێوەبەر و دامەزرێنەری کۆمپانیای «گلۆباڵ ئێکسپێرت»ـە کە خواردەمەنی کۆری کوالیتی بەرز بۆ کوردستان هاوردە دەکات. دەڵێ «فێستیڤاڵێکی کۆرییم ڕێک دەخست، کە سەرنجم دا خەڵک ئارەزووی خواردنی کۆری دەکەن، ئیدی قسە قسەی هێنا و هێندەم زانی دەستم بە هاوردەکردنی خواردنی کۆری کردووە".

سەرەڕای بەربەستەکان، ئەمڕۆ بەرهەمەکانی لە بازاڕە گەورەکانی کوردستان و عێراق بڵاو دەکاتەوە، پێی وایە «کوردستان خاوەن توانایەکی مەزنی گەنجانە، بە ڕێکاری گونجاو، دەشێ وەبەرهێنانی گەورەی نێودەوڵەتی ڕابکێشرێت".

کارەکانی لە سنووری بازرگانی تێپەڕین و سەنتەری توێژینەوەی کۆری لە کوردستان دامەزراند، کە بۆتە سەکۆیەک بۆ ئالوگۆڕی ئەکادیمی لە نێوان دامەزراوە کوردی و کۆرییەکاندا. ئەو سەنتەرە وانەی ئۆنلاین و فێستیڤاڵی کەلتووری و بەرنامەی ئالوگۆڕی قوتابیانی تێدا ڕێک دەخرێت.

سووکی ئاماژە بە ئارەزووی قوتابیانی کورد بۆ فێربوونی زمانی کۆری دەکات و بەوە سەرسامە کە تەنیا بەهۆی خولیا و خۆشویستنی کۆریاوە دەیانەوێ زمانەکە فێرببن.

هەروەها پێی وایە پەیوەندی کەلتووری لە نێوان گەلانی کورد و کۆرییدا قووڵە، بەراوردی خەباتی پێشمەرگەش بە خەباتی کۆریا لەپێناو سەربەخۆییدا دەکات.

ئەو زۆر سەرسامی جوانیی سروشتی کوردستانە، چیاکانی بارزان، دێرەکانی نەینەوا و شاری کەونارای ئامێدی گەڕاوە، دەڵێ «دەبێ جیهان بزانێت کوردستان تەنیا مێژوو و سیاسەت نییە، بەڵکو جوانییەکی سەرنجڕاکێش و سروشتێکی دڵبەری هەیە".

سەرەڕای ئاڵنگارییەکان، سووکی خوازیارە پرۆژەی فێرکردن و ڕاهێنانی نەوەی نوێی لاوانی خاوەنکاری کورد بگرێتە ئەستۆ. پەیامێکیش ئاراستەی لاوانی کورد دەکات و دەڵێ «کوردستان بەجێ مەهێڵن.

ئەوەی لە نیشتمانی خۆی سەرکەوتوو نەبێت، لە هیچ شوێنێک سەرکەوتوو نابێت. لە خاکی خۆتان ئایندە بنیات بنێن".

ئێستا کوردستان بۆ سووکی هۆنگ ڕووگەی سەفەرێک نییە، بەڵکو بۆتە نیشتمان. ●

## زامداریات



ئیسماعیل بەرزنجی

## بسووتێ، ئەی ئینسانی گەورە، بسووتێ

لە (گڵکەند) داوام لێ کرا بە چەند هەڵقەیەک باسی حاڵەتە گەورەکانی نووسەری مەزن مەحموود زامدار بکەم، لێرە بەدواوە هەندێك لەو سەربردانە دەگێڕمەوە کە یان خۆم تیایاندا بەشدار بووم یا بۆیان گێڕاومەتەوە.

شەوێکی ساردی زستان، لە کونجێکی یانەی ئازادی کۆڕمان گەرم بوو، زامدار عادەتی وا بوو، بەر لەوەی پێکەکەی نۆش بکات، شیشێک کەباب یان گۆشتی برژاوی دەخوارد، دەیگوت بەمە جەرگم لە تەشەموع دەپارێزم، سەری مەجریسەکەش هەر خۆی دەیگرت، ئەو شەوە هونەرمەندی داهێنەر حەسەن گەرمیانی لامان بوو.

هێشتا کەس دوو فڕی لێ نەدابوو، کە زامدار چارەگێکی هەڵقوڕاند، هەندێک دەستەواژە و وشەی تایبەتی هەبوو، ناو بەناو ڕووی لە ئامادەبووان دەکرد و دەیگوت: ئینسانەها، فاڵتۆ پاڵتۆ، دایرژێنە بابم دایرژێنە.

زامدار دەیویست زوو حەسەن گەرمیانی گەرم دابێت و بەدەنگە سیحراوییەکەی تێ بچریکێنێت، جار جار بانگی دەکرد: کاکە دە واز لە تەنزیرات بێنە، برۆ ناو حاڵەتە گەورەکە.

حەسەن حەزی نەدەکرد لە شوێنی وادا گۆرانی بڵێت، بەڵام چارەی زامداری نەبوو، گوتی: پەلە مەکە زامدار گیان.

زامدار، لە تەنیشت گەرمیانی دانیشتبوو، جگەرە بەدوای جگەرەی دادەگیرساند، جگەرەکەی سۆمەری بولگاری بوو، کە جگەرەیەکی زۆر خۆش بوو، تازە پەیدا بووبوو، دووکەڵەکەی بۆ ئاسمان بەرز دەبووەوە، دەستی لە ملی گەرمیانی کرد و گوتی: دەی ئینسانی گەورە، دەنگت بێت

گەرمیانی بە سۆزە خۆشەکەی دەستی پێ کرد، هێشتا بڕگەیەکی تەواو نەکردبوو، زامدار هاواری کرد: خودا، خودا.

سۆتەکە جگەرە درێژەکە، هێشتا گڕی پێوە مابوو، لەگەڵ دەست لەملانێدا پەڕی و کەوتە پشت ملی حەسەن گەرمیانی، حەسەن تۆزێک جووڵا بەڵام بەردەوام بوو، دوای ماوەیەک زامدار هاواری کردەوە: بسووتێ، ئەی ئینسانی گەورە بسووتێ.

حەسەن وەرامی دایەوە: زامدار سووتام، بەبیللا سووتام

دیار بوو گەرماییەکە گەیشتبووە پشتی، هەستایە سەرپێ و چاکەتەکەی داکەند و شەلەقێکی گەورەمان لە ناوەڕاستی کراسەکەیدا بینی، بینیمان بەقەد ناولەپێک شوێنەکەی سوور هەڵگەڕاوە، تۆزێک ماستی لە شوێنە سووتاوەکە دا و ڕووی لە زامدار کرد: خولە، بینیت چۆن سووتام.

زامدار لە دنیایەکی دیکەدا بوو، سەد ماچی لە گەرمیانی کرد. بۆ ڕۆژانی دوایی، کەسمان نەماندەوێرا لە نزیک زامدار دابنیشین، نەوەک بسووتێین، ئەویش دەیگوت: کاکە هەموو کەس ناسووتێ، بەس ئینسانی گەورە دەسووتێن!
ئەوە حاڵەتە گەورەکەیە. ●

# ناوداران بۆ جلی کوردی دەڕۆنە سۆران


وێنە: شەهرام قادر

زەینەل خەیات لەکاتی کارکردندا

**دهۆك بەڕۆژی**

٣٧ ساڵە لە سۆرانەوە جلوبەرگی کوردی بۆ ناوداران دەدوورێت، بەهۆی کارامەیییەکەی، خەڵک لە شوێنی دوورەوە ڕووی تێ دەکەن.

زەینەل موراد بارزانی لە سۆران و زۆر ناوچەی کوردستان و دەرەوەش بەدوورینە تایبەتەکانی جلوبەرگی کوردی دەناسرێتەوە، لە منداڵییەوە خەونی ئەوە بوو ببێتە خاوەن بازرگانییەکی گەورە، ساڵی ١٩٨٩ دەستی پێ کرد، ئێستە گەیشتووە بەخەونەکەی.

بەو جلوبەرگە کوردییانەی بەسەلیقەی خۆی لەسەر کەلەپووری کوردەواری دروستی کردوون، بەشداریی چەندین پێشانگەی جلوبەرگی کردووە، ئێستەش خەڵک لە پێگە و ئاستی جیاواز سەردانی دەکەن.

جگە لە خەڵکی کوردستان، پیاوانی بیانییش سەردانی دەکەن بۆ دوورینی جلوبەرگی کوردی، زەینەل لەم بارەیەوە بۆ (گڵکەند) دەڵێ "هەست بەدڵخۆشی دەکەم کاتێک نەتەوەی دیکە داوای دوورینی جلوبەرگی کوردیم لێ دەکەن".

هەروەها باس لەو ڕۆژگارە دەکات کە گەنجی کورد لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمەکاندا، لەسەر پۆشینی جلوبەرگی کوردی لەسێدارە دەدران، کەچی ئێستە خەڵکی نەتەوەی دیکەی ناوچەکە داوای دوورینی ئەو جلوبەرگە دەکەن.

ئەو بەرگدوورە باس لەو گۆڕانکارییانە دەکات کە بەسەر شێوەی جلوبەرگی کوردیدا هاتووە و پێشکەوتووە، بەڵام دووپات لەسەر پاراستنی مۆرکە نەتەوەیییەکەی جلوبەرگی کوردی دەکاتەوە و دەڵێ ئەو جلوبەرگە هێمای کوردبوونە.


لە دوکانەکەی زەینەل خەیات، چەندین جۆر و ڕەنگی ئەو قوماشانە نمایش کراون کە لە دروستکردنی جۆرە جیاوازەکانی جلوبەرگی کوردیدا بەکار دێن، بەو قوماشانەشەوە کە دەکرێنە پشتێن، سەرەڕای کڵاو، جەمەدانی، مشکی، پووشی، پووزەوانە، تەسبیح و خەنجەری کوردی.

لەبارەی ئەو بیانییە ناودارانەشەوە کە جلوبەرگی کوردییان لەکن بەدوورین داوە، زەینەل قسە لە زاری ڕۆژنامەنووسێکی فەرەنسی بەناوی ئەناتۆڵ دەگێڕێتەوە کە پێی گوتبوو پێشتر ئاشنای فەرهەنگ و مۆسیقای کوردی بووە، ئەم نەورۆزەش جلوبەرگی کوردیی پۆشیوە و بەشداریی لە هەڵکردنی ئاگری نەورۆزدا کردووە. هەروەها ئەو گەنجە ئەمریکییەی فێری زمانی کوردی بووە و بە سوورە ناسراوە، پێی گوتووە خۆشەویستییەکی گەورەی بۆ کوردستان و کولتوورەکەی هەیە، دەیەوێ بەجلوبەرگی کوردییەوە هەموو کوردستان بگەڕێت.



تابلۆیەکی هونەرمەندی شێوەکاری کوردی جوو دانیال قەساب

## ڕۆڵی جووەکان لە بواری هونەر



ئوسامە جەمیل

# دیسان دانیال قەساب


دانیال قەساب لەگەر ئەوەی کە زیاتر بەشێوەکار ناسرایە، لەبواری شانۆش ئیشی کردیە، ساری ١٩٣٨ شانۆگەری (ئۆتیللۆ)ی لە هەولێرێ نمایش کردبوو، نووسینی شکسپیر و وەرگێڕان و دەرهێنانی دانیال قەساب بوو، هەرچەندە فەرهاد پیربار دەرێ: ئەو شانۆگەرییە ناوی (دەیدەمۆنایە) و جەمیل جەرجیس ڕۆری دەیدەمۆنای دیتبوو، بەرام محەمەد تەیمور ئەو زانیارییەی پشت ڕاست دەکاتەوە کە ناوی (ئۆتیللۆ) بووە، موحسین محەمەدیش دووپات دەکاتەوە ناوی (ئۆتیللۆ) بووە، ساری ١٩٣٩ شانۆگەری (سەلاحەدین ئەیوبی) نمایش دەکرێ، دانیال عوزێر قەساب سەرپەرشتی دەکات و کاری دەرهێنان و دیکۆر هەر بەخۆی بووە، کۆمەرە گلۆپەکی لە گوریسەکی دەبەستی و بەسەر تەختەی شانۆیەکەی هەریدەواسی، هەتا ڕۆناکی لە شانۆگەرییەکەی بدا، هێوارەکەی تۆزوبایەکی تووند هەردەکا و بارانەکی بەهێزیش دەباری، تەختە و پەردەی شانۆیەکەی بەسەریەکدا دەڕوخێنی، ئەو ڕۆژی نمایش ناکرێ، دانیال هەند بێتاقەت دەبی، لە خەمان پەنجەکانی خۆی دەتەقاندەوە و لە چۆکی خۆی دەدا، ڕۆژی پاشی دنیا خۆش دەبی و سێ شەوان لەسەر یێک شانۆگەرییەکەی نمایش دەکەن، فەرهاد پیربار دەرێ: ئەو شانۆگەرییە لە نووسینی نەجیب جەواد بووە، لە ڕواندزێش شانۆگەری (ئۆتێللۆ) نمایش دەکرێ و ئەویش لە دەرهێنانی دانیالی بووە، بێجگە لەوەی شانۆگەری (جەمیل بوسەینە)ش، کە لە نووسینی ئەحمەد شەوقی بووە، نمایش دەکا، دانیال لە ناوەڕاستی چلەکان دەچیتە بەغدایێ و لەوێ دەبیتە مامەستای هونەر، هەر لەوێ ئیشی دیکۆری لۆ فیلمەکی عێراقی دەکا، ساری ١٩٥٢ عیراقی بەجێدێلی و دەچیتە ئیسرائیل، لەوێ دەبیتە ڕاگری کۆلیژی هونەرە جوانەکان و لە کاری شێوەکاری بەردەوام دەبی، لە ئیسرائیل ژمارەکی زۆر لە تابلۆی شێوەکاری دروست دەکا، لە کۆتایی شێستەکان دەچیتە لەندەن و چەند سارەک لەوێ دەژی و پاشان دێتەوە ئیسرائیل، لە ٢٠٠٠/٥/١٧ لە ئیسرائیل کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی مورەشا دەینێژن، بەشیر بۆتانی دەرێ پاش مردنی دانیالی چوومە ئیسرائیل و ڕاحێلی خێزانیم دیت، ڕاحێل گۆتی دانیال لێرەش خەریکی تابلۆکێشان بوو، بەرام لەبەر دەست کورتی و نەبوونی، زۆربەی تابلۆیەکانی فرۆشت، ئێستا تابلۆیەکی لەماری ئیساق بێن تسڤی سەرۆکی پێشی ئیسرائیل هەیە، کە دانیال بەدیاری دابویێ، دە تابلۆشی لە ماری نادیای کیژی مایە.

لە هەولێرێش چەند تابلۆیەکی مایە و یێکیان لەناو کتێبخانەی زەیتوون هەرواسرایە، هەروەها وێنەی قەرات و منارەی چۆلی و وێنەکی برایماغەی دزەییش مایە.

بەگشتی کە باسی هونەر لە هەولێرێ بکرێ، دەبی برێین پێشەنگ و مامەستای هونەر لەو شارەی دانیال قەسابە، ئیسماعیل بەرزنجی دەرێ: پاش مردنی دانیال قەسابی زۆر جار ئەمن و عەبدولڕەحمان فەرهادی، بەتەلەفۆنی قسەمان لەگەر مونیری برای دانیالی دەکرد، مونیر هەموو جارێ لۆ هەولێرێ و برادەرە کەونەکانی قوڕگی پڕی گریان دەبوو.

## سەربازە هەولێرییەکە لە زاری عەبدولکەریم قاسم

# ”شۆڕشم لۆ ئەو شەعبەی کرد“



عەبدولکەریم قاسم و پاسەوانێکی

**هەژار مەجید**

خەمی لەدەستدانی هەشت منداڵ کاریگەریی گەورەیان لەسەر جێهێشتووە، چەند نەخۆشییەکی درێژخایەنی هەیە، بەڵام هێشتا ڕووداوەکانی سەردەمی مەلیکی عێراقی لەبیر ماوە، ئەو لە نزیکەوە عەبدولکەریم قاسمی بینیوە، بە فریادڕەسی عێراقییەکانی دەزانێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستەم و نادادی.

سلێمان حاجی یوسف خەڵکی گوندی سۆفی برایمە لە سنووری قوشتەپە، ئێستە تەمەنی سەروو ٨٥ ساڵ دەبێت، بیرەوەرییەکانی سەردەمی سەربازیی خۆی بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە «ئەمن زەمانی مەلیکی بەرگی عەسکەریم لەبەر کرد، ڕاتبمان دینارەک و نیو بوو، یەکەم جار ئەمەیان بردە کەرکووکێ گۆتیان خۆتان حازر کەن سبەینێ نەقر دەبن، نۆهەد کەس دەبووین بەس کورد، بەقیتاری ئەمەیان بردە بەغدایێ، لەوێش چووینە مەعسکەری ئێچتری».

ئەو کاتە کە نازانێ ساڵی چەند بووە، لە سەربازگەی H3 چاوی بە عەبدولکەریم قاسم کەوتووە، ئەو بە زاری خۆی دەڵێ «ڕۆژەکی تازە سەورە کرابوو، ماری مەلیکی هەموو کوژرابوون، ئەوەندەمان زانی ئامر لیوایەکی خەرکی سلێمانی، هاواری کردینێ کەس نەجووڵێ، وەختەکی هەلیکۆپتەرەک هاتە سەر مەعەسکەری مە و نیشتەوە، کە جەماعەت هاتنە خوارێ دیتمان عەبدولکەریم قاسمە».



سلێمان حاجی یوسف

سلێمان حاجی یوسف باسی دۆخی ئەو ساتەی ناو سەربازگەکە دەکات، کە قەرەباڵغییەکی زۆر دروست بووە، خوانێکی گەورە ئامادە کراوە بۆ عەبدولکەریم قاسم و هاوڕێکانی، دەڵێ ”ئەمەیان ڕیز کرد، عەبدولکەریم قاسم هات و لە دووسێ مەتر دووریی من ڕاوەستا و قسەی لۆ کردین، دەیگۆ ئەمن شۆڕشم لۆ ئەو شەعبەی کردییە، لۆ قەبری بابم نییە، لۆ ئەوەم کردییە مافی ئەو میللەتەی وەربگرم لە دەست زارمان“.

ئەو پێی وایە کە عەبدولکەریم قاسم سەرکردەیەکی باش بووە بۆ عێراقییەکان و دەڵێ «عەبدولکەریم زۆر شتی گۆڕی، پاشی سەورەکەی، داوای لە مەلا مستەفا بارزانی کرد لە ڕووسیای بێتەوە، ئەمە زۆرمان در پێ خۆش بوو، دوایێ بەرگی عەسکەریشی گۆڕین و ڕاتبیشی لۆ کردینە سێ دینار، دەشیگۆ ئاغا ئەو هەموو گوندەی لە کێ بوو؟ یەڵڵا بەسەر فەلاعان تەوزیع کەن، لۆیێ وەکی کوشتییان زۆرم سوو لێ بۆوە“.

کۆنە سەرباز لە بیری نەماوە چ ساڵێک هاوسەرگیریی کردووە، بەڵام دەزانێ کوڕە گەورەکەی ساڵی ١٩٥٧ لەدایک بووە، بەدوای ئەویشدا سێ کچ و حەفت کوڕی دیکەیان بووە، بەڵام ئێستە تەنها سێ کوڕی لە ژیاندا ماون، منداڵەکانی دیکەی بە کوڕی گەورەشیەوە کۆچی دواییان کردووە. دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی گەڕاوەتەوە گوندی خۆیان و دەستی بە جووتیاری کردووەتەوە تا ١٩٧٥، دوای ئەوە کە گوندەکەیان لەلایەن ڕژێمی ئەوسای عێراقەوە تێک درا، ماڵەکەی گواستەوە هەولێر و بووە فەرمانبەری سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەدین تا ڕۆژی خانەنشینبوونی.

عەبدولکەریم قاسم (١٩١٤–١٩٦٣) ئەفسەرێکی سەردەمی پادشایەتی و یەکەم سەرۆکوەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق بووە لە دوای دەسەڵاتی پادشایەتی. ساڵی ١٩٣٢ چووە کۆلێژی سەربازی و لە ١٩٣٤دا بەپلەی لیوای دووەم دەرچووە، پلە سەربازییەکانی بڕی تا بوو بەفەرماندەی لیوای نۆزدە.

لەگەڵ عەبدولسەلام عارف (سەرکۆماری پێشووتری عێراق ١٩٦٣-١٩٦٦)دا سەرکردایەتیی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی کرد، دەسەڵاتی پادشایەتییان ڕووخاند و کۆماری عێراقیان ڕاگەیاند. لەوساوە بوو بەسەرۆک وەزیرانی عێراق تا لە هەشتی شوباتی ١٩٦٣ بەعسییەکان کودەتایان بەسەردا کرد و گوللەباران کرا. ●

## کوردستان



کوردستان موکریانی

## لاپەڕەیەک لەو نووسینانەی بۆ خۆم نووسیون

### هاوڕێی ڕێگا

دوای چەند ڕۆژێکی دیکە لە فرۆکەخانەی مۆسکۆوە بەرەو بەخدا بەڕێ دەکەوم. ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٢ — ١٩٧٧ ی ژیانم لەنێوان مۆسکۆ و لینینگراددا دەڵێیت چەند چرکەیەک بوون، برووسکە ئاسا تێپەڕین.

بەر لەوەی ڕوو لە مۆسکۆ بکەم، لە توانا، خواست و ویستی خۆم دڵنیابووم، جا بڕیاری چوونەدەرەوەم دا. ئەوەند ئارەزووی تەواوکردنی خوێندنم هەبوو، ئەگەر دەرفەتیشم بۆ هەڵنەکەوتبا، دڵنیابووم، کە من دەرفەتێکم هەر دەخولقاند. ماڵەوەمان لەسەرەتادا لەگەڵ بڕیارەکەی مندا نەبوون، بەڵام دواتر ڕێزیان لە بڕیارەکەم نا و بە خۆشەویستییەوە یارمەتییان دام و لە خۆ ئامادەکردندا کارئاسانییەکی زۆریان بۆ کردم.

لە هەمان ماوەدا لەپاڵ نووسینی تێزی دکتۆرا دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوت، بۆ ئەوەی فەرهەنگێکی ڕووسی کوردی بۆ قوتابییانی کورد دابنێم، هەڵبەت بەهاوکاری کیدایتینەی مامۆستای زمانی ڕووسی و میترۆخینەی بەڕێوەبەری کۆلێژی زمان. فەرهەنگەکە ئێستە وا لەژێر چاپدایە.

دکتۆر قەناتی کوردۆ لەگەڵ ئەوەی سەرپەرشتیاری تێزی دکتۆرام بوو، لە هەمان کاتدا ئەرکی پێداچوونەوەی فەرهەنگەکەی لەلایەن دەزگەی چاپی زمانی ڕووسییەوە پێ سپێردرا. پرۆفیسۆر کوردۆ زۆر شانازی بە من و بە دکتۆر مارف خەزنەدار دەکرد، کە هەردوومان خوێندکاری ئەو بووین و لە پاڵ تێزی دکتۆرا هەر یەکەمان بەرهەمێکی دیکەی زانستی پێشکێش بە نامەخانەی سۆڤێتی دەکەین.

کە بۆ یەکەمجار لە فرۆکەخانەی بەخداوە بەرەو مۆسکۆ بەڕێکەوتم نامیلکەی هاوبیرێکم لەنێو جەنتەی دەستم دانابوو، هەتا لەنێو فڕۆکەدا بیخوێنمەوە. بۆ گەڕانەوەم کتێبی АГСТАН) Д (МОЙ داخستانی منی شاعیر و نووسەری بەناوبانگی سۆڤێتی (ГАМ□АТОВ Л PACY) ڕەسوول گەمزاتۆف لەگەڵ خۆمدا دەبەمە نێو فڕۆکە.


من زۆر کەم کتێب لە جارێک زیاتر دەخوێنمەوە، بەڵام ئەم کتێبەی ڕەسوول گەمزاتۆف، ئەگەرچی تایبەت نییە بە یەک بابەت، هەروا لە نووسیندا پێڕەوی هیچ ڕێبازێکی زانستی نەکردووە، کەچی ئەوەند تەلیسماوییە، هەر پەلکێشم دەکات، کە چەند جارێک بیخوێنمەوە و لێی بێزار نەبم.

گەمزاتۆف نێوی وڵاتەکەی خۆی کردووە بەنێونیشانی کتێبەکەی. لە لاپەڕە ٢٧ — ٢٩ ی ئەم بەرهەمەیدا باسی ئەوەی کردووە، کە لەسەرەتادا نێوی بەرهەمەکەی (داغستان) بووە، بەڵام وەزیرێک لە وەزیرەکان لەگەڵ ئەو نێونانەدا نەبووە، دواتر نێوەکە کرا بە داغستانی من.


گەمزاتۆف زۆر بەڕێزەوە باسی دایکی خۆی و دایکانی داغستان و بە خۆشەویستیش لە خوشکە تاقانەکەی دەدوێت، بەڵام هێندێک وێنەی دیکەی لەبارەی ژن تێدایە، منی ئافرەت هەرگیز لەگەڵیدا نیم، چونکە هەڵبەستراون.

گەمزاتۆف لەم بەرهەمەیدا خاک، زمانی دایکی، زانا، هونەرمەند و... لای خوێنەر خۆشەویستتر دەکات. لەگەڵ باسکردنی ئەمڕۆدا گەشتێکت پێدەکات، کە پڕیەتی لە ڕووداو، پەند، چیرۆک و بەسەرهات لە ڕابردووی کۆمەڵی خۆی و ئەزموونی ژیانی و کولتووری مرۆڤایەتی، گەمزاتۆف لەم کەشکۆڵەدا زۆر لێزانانە ڕابردوو بە ئەمڕۆوە گرێدەدات، ئەمانە هەمووی وای لێکردم، کە بەرهەمی بیری گەمزاتۆف تاکە هاوڕێی نێو فرۆکەکە بێت. ●

مۆسکۆ ١٩٧٧/٢/٧


آمرية قوات الشرطة في باستيان
الادارة
سري وبشخصي
العدد س/٩٨
التاريخ ٨/٢/١٩٤٧
الى /
وزارة الداخلية
الموضوع / تعقيب البرزانيين

لو تصفحنا الاعمال الاخيرة التي قام بها البرزانيون بعد خضوع الكوملة
الى الحكومة الايرانية وتسليم القاضي محمد نفسه الى السلطات الايرانية لرأينا انهم
استولوا على الاسلحة التي كانت مخزونة لدى القاضي محمد في ساوجبلاغ ...



# بەڵگەنامەیەك ئاشكرای دەكات

# بارزانی ئاشوورییەکانی پاراست

**د. سنوور سەباح**

بەڵگەنامەیەکی پۆلیسی عێراق ئاشکرای دەکات کە چۆن مەلا مستەفا بارزانی، ئاشوورییە هەڵاتووەکانی لەخۆ گرتووە و لە هێزە ئێرانییەکانی پاراستوون.

بەڵگەنامەکە ڕۆژی ٨/٢/١٩٤٧ بە نهێنی لەلایەن فەرماندەی هێزەکانی پۆلیس لە باپشتیانەوە دەرچووە و بۆ وەزارەتی ناوەخۆی عێراقی نێردراوە.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ هێزەکەی و ئاشوورییەکانی ئازەربایجان، لە ناوچە شاخاوی و بەفراوییەکانی لاجان، شنۆ و نەغەدە بڵاو بوونەوە.

ئەو ئاشوورییانە بەهۆی زەبروزەنگی دەسەڵاتداران و سوپای ئێران هەڵاتبوون، ڕوویان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان کردبوو، دوای ڕووخانی کۆمار، بۆ پاراستنی خۆیان، پەنایان بۆ مەلا مستەفا بارزانی و هێزەکەی برد، ئەویش ئەوانی پاراست و لەخۆی گرتن.

وەک لە بەڵگەنامەکەدا دەردەکەوێ، پۆلیس داوای لە وەزارەتی ناوەخۆی عێراق کردووە ئامادەیی لایەنی عێراقی بۆ هاوکاریکردنی هێزە ئێرانییەکان لە هێرشکردنە سەر هێزەکانی بارزانی و لەناوبردنیان نیشان بدا.

پۆلیسی ئەو کاتی عێراق ئاماژەی بەوە کردووە، کۆبوونەوەی هێزە کوردییەکان و ئەو کۆمەڵە ئاشوورییانەی لە ئازەربایجان هەڵاتوون و پەنایان بۆ هێزەکەی بارزانی بردووە، بووەتە هۆی بەهێزبوونی هێزەکەی بارزانی و دەسەڵاتدارانی ئێران خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەیان دەبوێرن.

لە بەڵگەنامەکەدا پۆلیس ترسی ئەوەی نیشان داوە، کە ئەگەر وەرزی سەرما و بەستەڵەک نەمێنێ، ئەوا هێزەکەی بارزانی لەسەر سنووری نێوان عێراق و ئێران کۆنترۆڵ ناکرێ، بۆیە داوای کردووە هێزەکانی هەردوو وڵاتی ئێران و عێراق لە شەڕ دژی بارزانی لەسەر سنوور، هاوکاری و هەماهەنگی بکەن.

کۆماری کوردستان لە کانوونی دووەمی ١٩٤٦ لە شاری مەهاباد بەسەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەمەد ڕاگەیەندرا و بارزانیی نەمر سوپاسالاری ئەو کۆمارە بوو.

ئەگەرچی کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بوو، بەڵام بارزانی بەخۆی و هێزەکەیەوە لەگەڵ هەموو دڵسۆزانی دیکەی کورد، خۆیان بە بەشێک لەو کۆمارە زانی.

# خانووەکانی هەولێر بە زەبری قامچی دروست کراون

جاران لە هەولێر، بۆ خانوو و تەلاری تۆکمەبەند کەرپووچ بەکار هێنراوە، بەگشتی لە دەشتایی خشتەقوڕی وشککراو، لە چیاش بەردی ڕەقەن. لەو مێژووە کەمنووسراوەیە، سەدان و لەوانەیە هەزاران وەستاکارەی بیناساز، ئاوەدانییان بۆ بنیات ناوە. لێرە بە پرس و جاب وەستایەکی بیناکار دێتە دوان، تێیدا چەندانێك لایەنی پیشەکەی خۆی و کەرەستەی ئەو کات بەرچاو دەکات.

**عەباس عەبدوڵڵا یوسف**

نوورەدین سالح سەلیم لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٧ی پیرە قەڵات، هەر لە سەرەتای لاوەتیدا لە بیناکاری ئیشی کردووە، لەو کارەی هەنگاو پەی هەنگاو، توانایی و شارەزاییی پەیدا کردووە تا بووەتە وەستا.

یادگەی پڕ سەربوردەی عەمەلایەتیی بەکورتی دەگێڕێتەوە کە لە سەردەمی پاشایەتیی (مەلەکییەت) و تا درەنگەی پاشتر، عەمەلەی قوڕکارییان پێ دەگۆت. باسی کاتی ئیش و کرێی ڕۆژانەی دەکا و دەڵێ لە ڕۆژهەڵاتەوە تا پێش ڕۆژئاوا، عەمەلە (کرێکار) یەک ڕیالی وەردەگرت، کە یەکسانەی چوار درهەمە، هەر درهەمێ پەنجا فلسە. ئەو وەختە درێژە، دوو پشووی تێدایە یەک چێشتانان کە کورتماوەیە، دوو نیوەڕۆیان کە درێژماوەیە.

وەستا نوورەدین دەگێڕێتەوە "هەرزەکار بووم، سەرەتا بە واسیتەی خزمێک، بردمیانە قوڕکاری، پاشتر چوست و چاپووکیی خۆم ئیشێکی بەردەوامی پێ دام سەرکارێک (موڕاقیب) داندرابوو، بەلانیگایەک دەمدیت، بە شێوەی قامچی جەمەدانیی خۆی لوول دەدات و چەگڵێکی خستە ناو لچکێک، تۆپەڵی کرد و توند بەستایەوە، ئەوە بۆ ئەوەیە تا لە پشتی ئەو قوڕکارانە بدا، کە بەسستی ئیش دەکەن".

وەستا لە ڕۆخ دیوارە و بە دەنگی بڵند هاوار دەکا: دەی کوڕم قوڕ بێنە دەی ڕسقی خۆت حەڵاڵ کە، کە بڵندایی دەگەیشتە بەژنێک، وەستا لەسەر دیوارە و بەدەنگی بیستراو و لەسەریەک، دەیگۆ: کەرپووچ بێ. ساغە بێ. نیمە (نیوە) بێ. کرێکارێکی کەڵەگەت دەیدا دەستی وەستا، کە دیوار بڵندتر دەبوو ، لە جیاتیی (بێ) وشەی (باوێ)ی دەگوت، واتا بۆم هەڵدە: ساغە باوێ، نیمە باوێ.

لە وەستاکانی ئەو سەردەم، ناوی هەندێکم لە بیر ماوە، وەستا ئەحمەد قەڵاتی، وەستا عەبدوڵڵا چیچۆ، وەستا شەهاب و وەستا عەبدوڵڵا کەتۆ.

دیواری خانووی ناو شار، لەو گەڕەکانەی دەوروبەری قەڵات، بە کەرپووچ و قوڕ دروست دەکران، بۆ هەندە خانوو بەمەبەستی قایمبوون، گێچ و خۆڵ یان قسڵ و خۆڵیان تێکەڵ دەکرد و بە ئاو دەیانگرتەوە، ئەوا کە ڕەق دەبوو، وەک چیمەنتۆی لێ دەهات. ئەم قسڵەش بەم شێوەیە دەهاتە بەرهەم، جۆرە بەردێکیان لەناو کوورە دەسووتاند، ئینجا پاش گەرمبوونێکی لە ڕادەبەدەر، ئاویان پێدا دەکرد، قرچەقرچی لێوە دەهات و دەبوو بە قسڵ.

لە بارەی کەرپووچەوە، وەستا نوورەدین دەڵێ کەرپووچی باقرتە بەناوبانگ بوو هەر لە زەمانی عوسمانلییەوە هەبوو، چوارگۆشەی ٣٠ × ٣٠سم یان کەمێک زیاترە، لە خانوو و کۆشکی دەوڵەمەندان بەکار دەهات، زەمینەی ژوور و حەوشەی پێ کەرپووچپۆش دەکرا.

بەر لە هاتنی لۆری و تانکەر و بەرمیلی گەورە، ئاویان بە (کەر و ڕاویە) لە کارێزێکی نزیک بازاڕ پڕ دەکرا. ڕاویە لە مووسڵ دروست دەکرا، جووت مشەممایەکە و ئاودەلێن نییە، هەردوو تای وەک یەکە و خوارەوەی ئەملا و ئەولای دوو لوولەی بچووکی هەیە، بۆ بەتاڵکردنی ئاو بەپێی پێویست.

لە باسی کوورەشەوە، وەستا نوورەدین سەخرەجی هاتە سەر زار، کەرپووچێکە و لەناو کوورە زۆر گەرم دادێ، بە پلەی سووتان لەگەڵی مەیلەو خوار دەبێ، ڕەنگی نە سۆرە نە سپییە، لە حەموو کەرپووچەک ڕەقترە، بۆ ناو فڕنی دادەندرێ، بۆ دیکۆراتی ناو ماڵ بەکار دێ.

هەندە خانوو هەبوو لە قەڵات و گەڕەکی تەعجیل، لە هۆدەیێک یان دووان، لەسەر دیوار لە بڵندایی و بەدرێژاییی (١ تا ٣) و بە پانیی ٢٠ یان ٣٠سم، لە خوار بنمیچ ڕەفکەیان دروست دەکرد، بۆ جوانی و سەرنجڕاکێشەی میوان، فەخفووری و شووشەواتی بەنەخشی لەسەر دادەنرا، ئەمە بەر لە پەیدابوونی تەلەڤزیۆنە. تاقچە (هەندێک دەڵێن تاخچە) دیاردەیەکی کەمبڵاوە و لە خانووی کەرپووچ هەبوو، لە خانووی خشت نییە.

هەروەها دۆشەمە هەبوو، لە باتیی سەببەی کۆنکریت، کە بەگەرمای هاوینان داخ دەبوو، کەرپووچی حاجی قادریان دەهێنا، وەستاش لەناو حەوشە و ژوور توند ڕای دەخست، بە ئاو دەیانڕشاند تا فێنکاتی بداتە شوێنەکە.

لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم (١٩١٤ ـ ١٩٦٣)، وەستا نوورەدین بەشارەزاییەکی تەواو لە کرێکارەوە دەبێ بە وەستا، لەبارەی چۆنیەتیی کار لە ژێر دەسەڵاتی جمهوریەت دەڵێ ماوەی ئیشکردن کەم کرایەوە، لە ١١ کاتژمێرەوە بۆ ٨ کاژمێر، نیقابەی کرێکاران دامەزرا و سەلامەتیی کار و کرێکار تا ڕادەیەک دابین کرا.

لە هەولێرێ خانووی دوو نهۆمی زیادی دەکرد، بە ژمارەیەکی زۆر کەم خانووی سێ نهۆمییش دروست دەکران. جگە لە قوڕکاری جۆرەکانی تری ئیش فراوانتر بوون، وەک سپیکاری و سواقکاری و لەبخکاری، بۆ بان و بنمیچ لە جیاتیی کاریتەی دار شێلمانی ئاسن دادەنرا، کە نێوانیان بە کەرپووچ و گەچ چاتی دەکرا، پێم وایە (چاتی) لە فەرهەنگ تۆمار نەکراوە و بۆ زاراوەی بیناکاری پێویستە.

عەسرانێک لە چەنجارەی دانیشتن لە (چایخانەی مەچکۆ)، کە تەواو بێتاقەت و بێ ئیش بوو، ویستم خۆی و خۆم بشادێین و ڕۆژانێکی خۆشی سەردەمی نووکارەی بگێڕێتەوە، لەبارەی قوڕکارییەوە وەستا نوورەدین دەڵێ لە هاوینێکی گەرمی بێ ئاوی سارد، لەگەڵ پیرە وەستایەک ئیشمان دەکرد، لە پشووی نیوەڕۆ خۆی و چەکوچی بەر پانەقایشی پشتی، چووە ئاودەسخانەیەکی بەتاڵنەکراو، لە بیری چووبوو کە قایشی کردەوە چەکوچی لێ کەوتە ناو گوو، دەری هێنا و ئێمەی قوڕکار لە خۆڵمان وەردا و خستمانە بەر تیشکی هەتاو، زوو هیشک بوو جا بۆیمان خاوێن کردەوە، تا بەرەبەری دەسهەڵگرتن لە ئیش، هەر بەگاڵتەی (چەکوچ بە گوو) ئێمەی عەمەلە بۆ هەستنەکردن بەماندوویی و ڕەواندنەوەی بێزاری لە گەرمی و ئارەقە، بە وسکتی سوعبەتمان هەر ئەو چەکوچە بوو.



وێنە: عومەر عەبدولڕەزاق

دیمەنێکی خانووەکانی گەڕەکی خانەقا



پۆرتێتی مەلای گەورە
لەلایەن شێوەکاری کورد ژیلەمۆ

# مەلای گەورەی کۆیە

## لە 1919 یەکەم (حوجە)ی بە زمانی کوردی نووسیوە

**سالم سەلمان کوبەچی**

مەلای گەورەی کۆیە یەکێ لەو زانا گەورانەی کوردە کە جێی شانازیی تەواوی نەتەوەکەمانە و ڕووناکبیرێکی پێشکەوتنخواز و مرۆڤێکی مەزن بوو، لە زۆر بواردا شارەزاییی تەواوی هەبووە، ئەم ڕۆشنبیرە مەزنە لەو سەردەمە تاریکەی کە تیایدا ژیاوە، کاری بۆ ڕۆشنبیری و کولتوور و تازەگەریی کوردی کردووە، بەتایبەت لەبارەی پرسی ژن و ئازادی و خوێندەواری.

مەلای گەورە یەکەم کەس بووە بۆ هاندانی خوێندن کچەکەی لەگەڵ کوڕاندا ناردووەتە بەر خوێندن، جیا لە بابەتی شیعر و تەفسیر، چەندین بەرهەمی پڕ بایەخی بۆ بەجێ هێشتووین، سەرباری کارکردنی وەک قازیی شەرعی لە دادگەی کۆیە، کە لێرە باسی ئەو بابەتە دەکەین و ئەو لایەنەی ژیانی مامۆستای پایە بەرز دەخەینە ڕوو.

کاتێک لە ساڵی ١٩١٩ بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی لە دادگەی کۆیە پارێزراون بەشێوەیەکی فەرمی قازیی شەرعیی دادگەی کۆیە بووە، تاوەکو ساڵی ١٩٢٨، هەموو بەڵگەکان لە دادگەی کۆیە ماون و بە مۆری مەلای گەورە پارێزراون، کە لەسەر هەموویان نووسراوە (حاکم شرع، ملا محمد افندی ابن ملا عبدالله الجلی، مەلای گەورە)، ئەو یەکەم کەس بووە لە دووی نیسانی ١٩١٩ یەکەم حوجەی بە زمانی کوردی نووسیوە و لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونیشی وەک قازیی شەرعی لە دادگەی کۆیە بڕیاری دەرکردووە کە بڕیارەکان و نووسراوەکان بە زمانی شیرینی کوردی بن، تەنیا لە ساڵی ١٩١٩دا، (٣٨) دانە حوجەی بەزمانی کوردی نووسیوە، لە تۆماری ژمارە ٢١ و ئەوانی تریش بە فارسی نووسراون.

لە ساڵی ١٩٢٠ تاوەکو ١٩٢٦، ژمارەی دوا شەرعییەکان و حوجەکان ١٦٧ دانەیە، ٤٢ دانە بەزمانی فارسی نووسراون و لە ساڵی ١٩٢٥ لە ژمارە ٤٢– ٥٦ ، گشتی بەزمانی کوردی نووسراون، تەنیا ژمارە (٥٢) و (٥٤) بە زمانی تورکی نووسراون، لە ئەرشیفی دادگەی کۆیە ژمارە (٢٢) دوو نموونە لە بڕیارەکان دەخەینە بەر دیدی خوێنەران.

١. یەکێک لەو بڕیارانە لەبارەی کچێکە بەناوی (شمانە ئەبرهە)، بە ڕەگەز مەسیحی خەڵکی گوندی هەرمۆتە بووە، بەمەبەستی موسوڵمانبوونی پەنای بۆ دادگە هێناوە، کە مامۆستای گەورە بەکوردی بڕیارەکەی نووسیوە. لە بەڵگەنامەکەدا نووسراوە بەبێ زۆرلێکردن ئەم کچە هاتووە بۆ دادگەی شەرعیی کۆیە، داوا دەکات لەو دینەی لەسەری بووە کە دینی (عیسەوی)یە بێتە سەر دینی ئیسلامەتی و پاش موسوڵمانبوونی بڕیاری داوە بەگۆڕینی ناوەکەی بۆ (فەقی ڕەحمە).

٢. پیاوێکی جوو بژێویی خێزانەکەی نادات، خێزانەکەی پەنا بۆ دادگە دەبات و سکاڵا دەنووسێت، قازییش کە ئەو کات مەلای گەورە بووە، نامەیەک بۆ ئەنجوومەنی جووەکان دەنێرێ و ڕای ئەوانی وەرگرتووە، بۆ ئەوەی لەژێر ڕۆشناییی ئاینی یەهودیدا دادگە بڕیاری خۆی بدات. ●

---

شەوقی زەردەپەڕ



عەبدولڕەحمان فەرهادی

## ئاوایە ژیانی ڕۆژانەمان!

سەردەمێکی چەندە پێشکەوتووی دنیایە! کە تیایدا مرۆڤ جگە لە جەستەی، بە گشتی لە ڕووی مێشک و دەروونیشەوە ماندووە، کەچی هەست دەکەین کەسانێک لە هەندێک لایەن نەک هەمووی! زیاتر لە سەردەمانی بووری، بایەخ بە تەندروستیی خۆیان دەدەن، ڕۆژانە دەبینین زۆر هەن دەوەرزشێنن، کەچی لەولایشەوە هەست دەکەین زۆربەی گەنجانمان، کەمتر بایەخ بەجۆری خۆراک و ژەمەکان دەدەن، لە خواردنەوەی گازاوە شەربەت و شیرنەمەنی، ڕۆنی هایدرۆجیناخناو و خواردنە خێرا بەردەستەکان زۆرخۆرن!

کەمن ئەوانەی ژەمەکانیان خواردنی سروشتیی تێدا بێت، زۆریش لە جوامێر و بەتەمەنەکان هەن ژەمەکانیان ڕووەکی سروشتییە. ئەگەرچی خەڵکێکی زۆریش هەن خەریکی بایەخدانن بە بەدەن، کەچی ڕۆشنبیریی خواردن لای زۆربەی ئەوانیش کز و لاوازە.

چیرۆکێکی خۆم، وەک زۆربەی چیرۆکەکانی ترم، بۆ خۆمم هەڵبەستاوە، زۆرجار کە بۆ برادەرانم گێڕاوەتەوە، تیایاندا بووە بەزەییی پێم هاتووەتەوە! کەچی ئەوەی باسی دەکەم سەرهاتەچیرۆکی زۆربەی هەرە زۆری دایک و باوکە ماندوو و خانەوادەکانی کۆمەڵگەی ئێمەیە!

نیوەڕۆ گەیشتمەوە ماڵەوە، خوانەکە بەکفتەی سۆر ڕازابووەوە کە لای من یەکێکە لە خواردنە نایابەکان، بینیم منداڵەکانم لالووتن، تومەز حەزیان لێی نییە، ناچار لەسەر داوای خۆیان ترومبێلەکەم بەگڕ خستەوە و چووم فەلافلم بۆ هانین.

سبەینەی یەکشەممە، بەر لەوەی بچمە دەوام، دایکیان گوتی: یاپراخ لێ دەنێم. من زانیم نایخۆن! سەعات یازدە بوو، زەنگیان بۆ لێ دام و داوایان کرد لەگەڵ خۆم پیتزایان بۆ ببەمەوە، ئەوەشم کرد. دووشەممە سەعات یەک گەیشتمەوە ماڵەوە، جلی ماڵەوەم کردە بەر، چوومە مەتبەق، بینیم نیسک و شفتە مابووەوە، شتاقیان دەمیان نەگەیاندبووێ، ناچار چاکێت و پانتۆڵەکەم کردەوە بەر، چووم لەحم بیلعەجینم بۆ کڕین. سێشەممە بەداوای خۆیان و بێزار لە خواردنی ماڵەوە، لە گەسخانەیەکی ئیسکان سەندەویچم بۆ هێنانەوە. چوارشەممە هەر بەداوای خۆیان، دەعوەتی ڕێستورانتێکی سەر سەتمەتریم کردن، پێچەوانەی خۆم زۆریان حەز لە ڕێستورانتانە. پێنجشەممە ساوار بەگۆشتی قازمان هەبوو کە قەت دڵیان بۆی ناچێ، چاوەنۆڕ بوون تا دایکیان فینگەری بۆ ساز و ئامادە کردن. هەینی، درەنگ لە خەو ڕابووم، ئەوان خەوتبوون، بەر لەوەی بچمە دەرەوە داوام کرد داندۆکم بۆ لێ نێن، سەعات نزیکی دوازدە بوو گەیشتمەوە ماڵەوە، بۆنی داندۆک منی سەرسام و ئەوانی دڕدۆنگ کردبوو، بەداوای دایکیان و حەزی خۆیان، ناردمیانە فاست فوودێک تا هەمبەرگەریان بۆ بکڕم، ئەوەشم کرد! کە گەیشتمەوە ماڵەوە، بینییان هەمبەرگەر مایۆنیزی تێدایە، نەیانخوارد و ناردمیانەوە بۆیان بە هیی بێ مایۆنیز بگۆڕم. بەو جومعەی موبارەکە زۆر ماندوو بووم! کە نزیکی ماڵەوە بوومەوە بینیم نوێژکەرانی جومعە لە مزگەوت دەهاتنە دەرەوە، منیش نوێژی خوتبەم چوو! ●

# زانکۆیەکی ئەمریکی: دەشتی هەولێر چڕترین ناوچەی شوێنەواریی ڕۆژهەڵاتە

**محەمەد لەشکری**

لەم ساڵانەی دواییدا پڕۆژەیەکی شوێنەواریی گرینگ لە دەشتی هەولێر جێبەجێ کرا بەناوی (Erbil Plain Archaeological Survey) کە پڕۆژەیەکی زانکۆی هارڤاردی ئەمریکییە بە هاوکاریی بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری هەولێر، بۆ ڕووپێوی شوێنەواری دەشتەکانی سنووری هەولێرە.

ئەم پڕۆژەیە لە ساڵی (٢٠١٢)دا یەکەم وەرزی کاری مەیدانیی خۆی ئەنجام دا و تا ئێستەش بەردەوامە، ئامانجی پڕۆژەکە بریتییە لە نەخشەکێشانی تەواوی ژینگە شوێنەوارییەکانی هەولێر، لێکۆڵینەوە لە ژینگە سروشتییەکەی دەشتی هەولێر وەک خوێندنەوەی ڕێڕەوی ئاو و سەرچاوەکانی ئاودێری بەتایبەت کارێز، بەکارهێنانی خاک.

پڕۆژەکە لێکۆڵینەوەش لە مێژوو و شێوازی نشینگە لە دەشتی هەولێر دەکات بەجەختکردنەوە لە ڕێگەی گەڕان و پشکنین بۆ دیاریکردنی سەردەمی نشینگەکان لە چاخی بەردینی نوێوە (بەر لە ١٠،٠٠٠ ساڵ) تا ئێستە.

پڕۆژەکە ٣٢٠٠ کم٢ لە دەوری شاری هەولێرەوە کاری ڕووپێوی دەکات لە باکووری ڕۆژئاوا زێی گەورە و زێی بچووک دەگەیەنێ بەیەک، لە شارۆچکەی پردێ (ئاڵتوون کۆپری) بەشی باشووری ڕۆژئاوا کە بە زوورگەزراو ناسراوە کەوا دەشتی هەولێر لە دەشتی مەخموور جیا دەکاتەوە، سنووری باکووری ڕۆژهەڵاتی بەستی بەستۆڕەیە، هەروەها بەستی شەرغە دەبێتە سنووری ڕۆژهەڵاتی، لە میانی چەند وەرزێک کارکردن تاکو ئێستە (١٠٠٠) پێگەی شوێنەواری تۆمار کراوە، لەوانە لە هەر ٣ کم٢ پێگەیەکی شوێنەواری هەیە، لەم ڕووەوە دەشتی هەولێر بەچڕترین ناوچە دادەندرێت لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و میزۆپۆتامیا، ئەمەش بەهۆی چڕیی ئەو هەموو پێگە شوێنەوارییانە.

کۆنترین پێگەی شوێنەواری دەشتی هەولێر تەمەنی ٧٥٠٠ ساڵ پێش زاینە واتە ٩٥٠٠ ساڵ پێش ئێستە، پێ دەچێ زۆر لەوەش کۆنتر هەبێت، بەڵام بەهۆی گەشەی شاری هەولێرەوە دۆزینەوەیان ئەستەمە، جگە لەمەش دانیشتوانی ئەم دەشتە بە ١٠٠٠٠ ساڵ تا ئێستەش خەریکی کشتوکاڵکردنن، بەکشتوکاڵکردنیش شوێنەوارەکان دەشێوێن و دەکەونە ژێر زەوییەوە.


دیمەنێکی گردی باشتەپە لە دەشتی هەولێر


دیمەنێکی گردی عەلیاوە لە دەشتی هەولێر

## بتشکێن


گۆران سەباح

## گۆتەگۆتی بەلاش

دەبا دەمەتەقێ (دیبەیت) لەسەر ئەوە بکرێت ئاخۆ ڕۆڵی ئاین چییە لەسەر پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی. یان، کورد چۆن بتوانێ وەک عارەب ئاین لە بەرژەوەندیی نەتەوەییی خۆی بەکار بێنێت؟ یان، ئایا پێویستمان بەوەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەیە؟ یان، پرسی کورد پرسێکی نەتەوەیییە، ئاینی نییە، ئەدی بۆچی ئەو هەموو بزاڤە ئیسلامییە خۆیان کردیتە خاوەنی پرسی کورد؟ ئەمانە و دەیان بابەتی دیکە هەن شایەنی دیبەیتن.

کوردستان پێویستی بەدەمەتەقێی چەند سەعاتی نییە لەسەر غەزە و حەماس و ئیسرائیل و کێشەی نێوانیان. دەمەتەقێی بێ مانا و ئاست نزم

لە دەمەتەقێیەکە خراپتر پرسیارەکان بوون، لەوانیش خراپتر جووڵاندنی هەستی خەڵکی ناوشیار و خافڵاندنیان بوو.

ئەو سێ سەعاتە چەند وزە و کات و پارەی تێچووە؟ هەمووی بەهەدەر چوو. ئەو هەموو بەهەدەردانی پارە و وزە و کاتە لە شتی بێ مانا و زیانبەخش.

بیانییەکی هاوڕێم هەیە، هەموو جار پێم دەڵێ "ئێوە خەبیرن لە بەهەدەردانی پارە و پیسکردنی وڵاتەکەتان".

وەرە دەمەتەقێ بکە لەسەر وشیاریی تاکی کورد، هەستی بەرپرسیارەتیی تاکی کورد بەرانبەر بە خاک و سەروەری. دەمەتەقێ بکە لەسەر ئاسایشی خۆراک و وشیاریی بەکارهێنانی ئاو. دەیان بەرنامە بکە لەسەر کەرتی گەشتیاری و وشیاریی پاراستنی ژینگە و خاوێنڕاگرتنی سەیرانگەکان. گەورەترین هەڵەی میدیای کوردی ئەوەیە بڵندگۆی داوەتە دەست بزاڤە ئیسلامییەکان لە پێناوی بەرزکردنەوەی ڤیو و لایک. هەرچی چەرچی و پەرچی هەیە بەئاسانی لەسەر شاشە گۆتەگۆت دەکەن لەسەر بابەتی لابەلا.

ئەوە کەنگی ئیشی میدیای کوردی، ڕۆشنبیر، سیاسی و ڕۆژنامەنووسی کوردستانە بیسەلمێنێ شەڕی غەزە خەتای کێ بوو؟ ئەی هاوار، چۆن بیر دەکەنەوە و بیر لە چی دەکەنەوە؟ ئەرێ بۆ هێندە تێنووی شەڕە کەو، شەڕە سە، شەڕە کەڵەباب و شەڕە مرۆڤن؟

یانی چی، دوو مرۆڤی گۆیا بە ئەزموون دێنە سەر شاشە و بەگژ یەکدا دەچنەوە لەسەر بابەتێک، دوور و نزیک، پێوەندیی بە کوردستانەوە نییە؟ دوای ئەو هەموو ئەزموونی کارکردنە لە میدیا، توخوا ئەوەیە داهێنان و کاری باش؟ ڕەنگە پێتان وابێت دیبەیتێکی موهیمتان کردووە، لە پێناو بەرزکردنەوەی ڤیو دوو مرۆڤ پێک وەدەنێن و خەڵک بۆ شتی بێ مانا بەلاڕێدا دەبەن.

# شەڕی هیندستان و پاکستان لە هەولێر جیاوازە

دەنگی تۆپی کریکێت کە بەر گورزەکە دەکەوێ، هاواری پڕ جۆشی یاریزانانی هیندی و پاکستانی لەناو یاریگەیەکی هەولێر، جیایە لە دەنگی تۆپ و شەڕی چەکداریی نێوان هەردوو وڵاتی ئاسیا کە چەند ڕۆژێکە دەستی پێ کردووە. ماوەیەکە ڕۆژانی هەینی لەژێر تیشکی خۆری یاریگەیەکی هەولێردا، یاریزانە هیندی و پاکستانییەکان و چەند وڵاتێکی دیکەی ئاسیایی بەجلوبەرگی وەرزشیی ڕەنگاوڕەنگەوە، بەوزەیەکی زۆرەوە دەبیندرێن، دەستەیەکیش لە ڕێکخەران سەرقاڵی ئامادەکردنی مەیدانەکەن بۆ کێبڕکێی نێوان تیمەکان.

**زیرەک تاریق**

پێشتر چەند گرووپێکی یاریزانانی بیانی کە بۆ کارکردن لە هەولێر نیشتەجێن، بەشێوەی هەڕەمەکی هەفتانە یاریی کریکێتیان ئەنجام دەدا، بەڵام مانگی ڕابردوو پاڵەوانێتییەکی یاریی کریکێتیان لە یاریگەی سەوزی ئەکادیمیای وەرزشیی عەینکاوە بەبەشداریی ١٢ تیم ئەنجام دا، هەر تیمێک لە ١١ یاریزان پێک هاتووە، بۆ هەر یارییەکیش ٤٥ خولەک دیاریی کراوە، ئەو دوو تیمەی ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین خاڵ دەدەن، سەرجەم یارییەکانی پاڵەوانێتییەکەش لە یەک ڕۆژدا ئەنجام درا و لە کۆتاییی ڕۆژەکەدا تیمی پاڵەوان دیاری کرا.

ئاناند ڤیجایاکومار پیاوێکی هیندیی تەمەن ٣٦ ساڵە، یەکێک بوو لە سەرپەرشتیارانی پاڵەوانێتیی کریکێت لە هەولێر، بۆ (گڵکەند) ئاماژەی بەوە دا کە ئەگەرچی کریکێت بەیارییەکی مێژوویی هیندییەکان دادەنرێت، بەڵام تیمەکانی لە هەولێر تێکەڵن لە یاریزانانی هیندی، پاکستانی، بەنگلادیشی و سریلانکی.

گوتیشی خەڵکی ئێرە تەنها حەزیان لە یاریی تۆپی پێیە، تا ئێستە هیچ کوردێک نەچووەتە ناو تیمەکانی یاریی کریکێت، دەشڵێ ڕەنگە زۆربەی خەڵکی هەولێر ئاگەدار نەبن کە ئەو یارییە لێرە دەکرێت.

لەگەڵ دەستپێکردنی یەکەم یاریی پاڵەوانێتییەکە لە کاتژمێر حەفتی بەیانی، سەرپەرشتیارەکە شێوازی بەڕێوەچوونی یاریی کریکێتی بۆ (گڵکەند) ڕوون دەکردەوە، لەنێو گۆڕەپانەکەدا دوو تیم هەن، تیمی بۆلینگ (تۆپهاوێژی) و تیمی باتینگ (لێدانی تۆپ)، دەبێت تیمی لێدەر هەوڵ بدات زۆرترین خاڵ (ڕەن) بەدەست بهێنێت لە بەرامبەردا تیمی تۆپهاوێژ هەوڵ دەدات زووترین کات یاریزانانی تیمی بەرانبەر دەربکات.

تیمێک دەست بە تۆپهاوێژی دەکا و تیمەکەی تر لێدان، لە هەر خولێکدا کە بەزمانی کریکێت (ئینینگس)ی پێ دەگوترێ، تیمی لێدەر هەوڵ دەدات زۆرترین خاڵ بەدەست بهێنێت. هەر خولێک کۆتاییی دێت کە ١٠ یاریزانی تیمی لێدەر دەردەچن یان ژمارەی دیاریکراوی تۆپهاوێژی تەواو دەبێت.

دوای تەواوبوونی ئینینگسی یەکەم، تیمەکان ڕۆڵەکانیان دەگۆڕن، تیمێک دەبێتە براوە کە زۆرترین خاڵی کۆ کردبێتەوە.

بۆ بەدەستهێنانی خاڵیش، یاریزانی لێدەر لە نێوان دوو ویکێت (پایە) ڕادەکات، ئەگەر تۆپەکە دەرچوو و لە سنووری یاریگە بگاتە زەوی، چوار خاڵ بەدەست دێت، ئەگەر تۆپەکە بێ ئەوەی بەر زەوی بکەوێت، لە سنووری یاریگە دەرچوو، شەش خاڵ بەدەست دێت

یاریزانی لێدەر بەچەندین شێواز دەردەچێت، وەک کاتێک تۆپەکە بەر ویکێتەکەی دەکەوێت، کاتێک تیمی تۆپهاوێژ تۆپەکە لە هەوادا دەگرێت پێش ئەوەی بکەوێتە زەوی، کاتێکیش یاریزان لە دەرەوەی هێڵی یاری بێت لە کاتی ڕاکردن.

تۆپی کریکێت قەبارەکەی ٢٢-٢٣ سانتیمەترە، کێشی نزیکەی ١٥٥-١٦٣ گرامە، لە چەرم دروست کراوە و ناوەکەی بە دەستچن پڕ کراوەتەوە.

بات (چەوگان) درێژییەکەی نابێت لە ٩٦,٥سم زیاتر بێت و پانییەکەی نابێت لە ١٠,٨سم زیاتر بێت، کێشی نزیکەی ١,١- ١,٤ کیلۆگرامە و لە دار دروست کراوە، زۆربەی جار لە داری ویلۆ و دەستەکەی لە ڕەبەر پێچراوە. هەروەها دەستکێشی تایبەت، پێڵاو، پارێزەری ڕووخسار و دەست و قاچیش بەشێکی دیکەن لە کەرەستە پێویستەکان بۆ یاریی کریکێت.

بەپێی ئاماری نافەرمیی کونسوڵخانەی گشتیی هیند لە هەولێر، زیاتر لە هەشت هەزار کرێکاری هیندی لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن.

هارپرید مورخراج تەمەن ٣٧ ساڵ، خەڵکی شاری پونجابە لە هیند، ماوەی ١٣ ساڵە لە هەولێر نیشتەجێیە، کاپتنی تیمی ELS KING ـە، تیمەکەی لە کۆتا پاڵەوانێتیی کریکێت پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە.

هارپرید، هەموو ڕۆژانێکی هەینی بۆ یاریکردن دێتە ئەم یاریگەیە، بەڵام پاڵەوانێتییەکان کاتەکانی دیاری نەکراوە و بەپێی توانا هەوڵ دەدەن زۆرترین پاڵەوانێتی ئەنجام بدەن و باسی لە هاوکارییەکانی کونسوڵخانەی هیند لە هەولێر و ئەکادیمیای وەرزشیی عەینکاوە کرد کە کاریان ئاسان دەکەن.

هارپرید پێی وایە لە هیندستاندا، کریکێت تەنیا یارییەک نییە، بەڵکو بەشێکە لە کولتوور و ناسنامە. ئەو لە منداڵییەوە لەگەڵ هاوڕێکانی ئەم یارییەی کردووە، ئێستەش کە لە هەولێرە، هەوڵ دەدات ئەم بەشە لە ناسنامەکەی بپارێزێت. هیواخوازیشە لە داهاتوودا یاریگەیەکی تایبەت بە کریکێت لە هەولێر بکرێتەوە و دەڵێ پێویستە یاریگەی کریکێت فراوانتر و گەورەتر بێت.

بەشێکی بەرچاوی یاریزانانی ١٢ تیمەکەی یاریی کریکێت لە هەولێر خەڵکی پاکستانن. ئیبراهیم ئەکرەم تەمەن ٢٣ ساڵ، خەڵکی شاری کەراچییە، کارمەندی یەکێک لە کۆمپانیاکانە، دڵخۆشە بەوەی دوای شەش ڕۆژ لە کارکردن و ماندوویەتی لە کۆتاییی هەفتەدا دێتە گۆڕەپانی یاریی کریکێت، کۆمەڵێک لە هاوزمان و هاوڕێی خۆی دەبینێتەوە، دەڵێ لە هەولێر، یاریی کریکێت تەنیا وەرزش نییە، بەڵکو چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە بۆ ئەوان.

پاوان ڤیکرالا تەمەن ٢٤ ساڵ، خەڵکی شاری حەیدەرئاباده لە هیندستان، ماوەی شەش ساڵە لە هەولێر ژمێریاری کۆمپانیایەکی ئەهلییە و بەکوردییەکی باش قسە دەکات، لە تەمەنی ١٣ ساڵییەوە دەستی بە یاریی کریکێت کردووە، کاتێک هاتووەتەوە هەولێر، بۆ ماوەی دوو نەیزانیوە لە کوێ یاریی کریکێت دەکرێت، بەڵام وەک خۆی دەڵێ «هەستێکی زۆر خۆشم هەبوو کە بینیم لێرە یاریی کریکێت دەکرێت».

تیشکی خۆر بەرەو ئاوابوون دەچێ و سەرجەم یارییەکانی پاڵەوانێتیی یاریی کریکێت لە هەولێر ئەنجام درا، تیمی ELS KING توانی ببێتە پاڵەوان و بەکۆکردنەوەی ٩٩,٥ خاڵ پلەی یەکەمی بەدەست هێنا. تیمی Ankawa United A بە ٦١,٦ خاڵ پلەی دووەمی پاڵەوانێتییەکەی وەرگرت. نیخیلیش لە تیمی ELS KING بەباشترین یاریزانی یاریی کۆتایی دیاری کرا.

یاریی کریکێت بۆ یەکەم جار ساڵی ١٧٢١ لە هیندستان ئەنجام درا، کاتێک بازرگانان و سەربازە بەریتانییەکان یارییەکەیان هێنایە وڵاتەکە. دوای سەربەخۆییی هیندستان لە ساڵی ١٩٤٧، کریکێت زیاتر پەرەی سەند و بوو بە بەشێکی گرینگی کولتووری دەوڵەمەندی ئەو وڵاتە.

بەهۆی خۆشەویستییە زۆرەکەی، کریکێت بەئایینی دووەم لە هیندستان ناسراوە. خولی پرێمیەری هیندستان (IPL) کە لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە دەستی پێ کرد، یەکێکە لە گەورەترین و دەوڵەمەندترین خولەکانی کریکێت لە جیهاندا.

سەرەکیترین پێشبڕکێکانی کریکێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، جامی جیهانیی کریکێت و چامپیۆنشیپی جیهانیی کریکێتی تێستە، کە تیمە هەرە بەهێزەکان بەشداریی تێدا دەکەن.




وێنە: شڤان هەورکی

# دیلیڤەری لە شێستەکاندا

## ”بەدەستەك سوكانی پایسكیل و بە دەستەكەی دیش سینیی كەبابم بە گەرمی دەگەیاندە ماران“



شاگردی کەبابخانەیەک لەکاتی گەیاندنی خواردن بە پایسکل

**نازم دڵبەند**

لە شێستەکانی سەدەی ڕابردوودا، لە هەولێر دوکاندار و مەعمیلەکانیان لەناو قەیسەری، بەتایبەت قەساب و سەوزەفرۆش، حەمباڵی متمانەپێکراوی خۆیان هەبوو، ئەو ماڵانەیان دەناسی کە مامەڵەیان لەگەڵ دوکاندارەکان دەکرد، بەڕێکوپێکی شتەکانیان دەگەیاندە بەردەرکەیان، کەبابخانەکانیش شاگردی خۆیان هەبوو، کە بەپێی داواکاری بەپایسکیل سێنییە کەبابیان بۆ ماڵان و دوکاندارەکان دەبرد.

مام مستاف قەساب کە ئێستە تەمەنی سەروو هەشتا ساڵە، بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە ”ئەمە هەر لە منداڵییەوە لەناو قەسابان ئیشمان دەکرد، ئەودەمان خەرکی شارستان و مارە ئەفەندی، ئەوانەی قەراتێ زۆر کەم دەهاتنە خوارێ لۆ ناو قەیسەری، ئەمەش شارەزا ببووین کیهە ماری کێیە، هەر مارەک ڕۆژێ چەندیان گۆشت دەوێ، ڕسقفرۆشیش هەروا، لۆمان دادەنان“.

دەشڵێ ئەوکات چەند حەمباڵێک لەناو قەیسەری حەمباڵییان بە (زەمبیل) دەکرد و جێی باوەڕی هەمووان بوون، هەریەکەیان تایبەت بوون بە دوکانێک، شتەکانیان بە ئەمانەتەوە دەگەیاند و لەوێ حەمباڵیی خۆیان بەپێی سووکی و گرانیی شتومەکەکان وەردەگرت.

هەر لەو سەردەمەدا دیلیڤەریی سێنییە کەبابیش هەبوو بۆ ماڵە فەرمانبەر و خواپێداوەکان و دوکاندارەکانی فیتەرانی ناو شێخەڵڵا و بەزاز و ئەو دوکاندارانەی نیوڕانان نەدەچوونەوە ماڵێ.

ئەودەم چەند کەبابخانەیەکی دیار لە هەولێرێ هەبوون لەوانە کەبابخانەی جووت کەباب کە خاوەنەکەی مام عەبۆ بوو، لەناو قەیسەری لە تەنیشت دوکانی سەید تەیب پەنیرفرۆش بوو، کەبابخانەی مام قادری ناو نەجاڕانیش کە بە کەباب نەجاڕ بەناوبانگ بوو، کەبابخانەی یاسین و کەبابخانەی مەعروف و کەبابخانەی ئەحمەد شەوقییش هەبوون، ئەمانە هەموویان شاگردیان هەبوو، بەتایبەت نیوڕانان بەدەستێک سوکانی پایسکیلەکەیان دەگرت و بە دەستەکەی دیکەیان سێنییە کەبابیان هەڵدەگرت و بۆ ماڵ و بۆ دوکاندارەکانیان دەبرد.

عەبدولڕەزاق قادر کەبابچی خاوەنی کەبابخانەی نەجاڕانی ناو قەیسەری، لە بیریەتی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا شاگردەکیان هەبوو بە ناوی قاسم، ماڵ و دوکانەکانی هەولێرێی هەموو پێ دەزانی، دەڵێ ”بابم سینییە کەبابی پێ دەنارد، ئێستە بەو ئیشەی دەرێن دیلیڤەری و بەماتۆڕ جێبەجێی دەکەن، بەس پێش شێست سار لە هەولێرێ بە پایسکیل دەکرا“.

ئاماژە بەوەش دەکات کە قاسمی دیلیڤەری پایسکلێکی فیلیبسی هەبوو، باوکی بۆی کڕیبوو تا ئەو کارەی پێ بکات، ئەوکات نەفەری کەباب سێ شیش بوو بە یەک درهەمیان دەفرۆشت.

عەبدولڕەزاق کەبابچی سۆزی بۆ جاران دەگەڕێتەوە و دەڵێ ئەوکات بۆنی کەباب ڕۆژەڕێیەک دەڕۆیشت، چونکە شوانکار مەڕەکانیان لە ئاقاری دەلەوەڕاند و گۆشت غەل و غەشی تێدا نەدەکرا.

تاریق عەلی یەکێکی دیکە بوو لەو پایسکیلسوارانەی لە کەباب یاسینەوە کەبابی دەگواستەوە، دەگێڕێتەوە ”لە سبەینێوە هەتا عەسرەکی درەنگ ئەو ئیشەم بە چەند درهەمەک دەکرد، بەرام هەنگینێ درهەم درهەم بوو، زۆریشم کەیف بەخۆ دەهات وەکی لە جادەی بەدەستەک سوکانی پایسکیل و بە دەستەکەی دیش سینیی کەبابم بە گەرمی دەگەیاندە ماران“.

لای خۆیەوە کەنعان ڕەشاد موفتی دەگێڕیتەوە لە ساڵی (١٩٦٤) تازە ماڵیان لە قەڵاتێ هاتبووە خوارێ بۆ ئەو خانوو و دیوەخانەی ئێستەیان لە بەرامبەر مزگەفتی مەحموود عەلاف، هەندەک جار باوکی مێوانی دەهات، تەلەفۆنی بۆ کەبابخانەی مام قادری ناو نەجاڕان دەکرد لۆ وەی کەبابی بۆ بنێرن. دەشڵێ ”مام قادر شاگردەکی بزێوی هەبوو، هەر جارەی دەهات سینییەکەی لە ٣٥ کەباب کەمتری لەسەر نەبوو، قەت نەیدەهێشت سارد بیتەوە، هەمووشی بایی یەک دینار بوو، بەس بابم دینارەک و درهەمێکی دەدایێ و پێی دەگۆت دینارەکە حەقی کەبابەکە و درهەمەکەش بەخشیش لۆ تو، لۆیێ هەموو جارێ وەکی دەگەیشتە پێش دەرکەی لێی دەپرسین ئەرێ ئەفەندی لە مارێیە؟“.

خاوەن ئیمتیاز:
دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ
سەرنووسەر:
ڕێبەند سەعدوڵا
دیزاین:
ئاراس ئەکرەم
لۆگۆ و خۆشنووسی:
بژار ئەربیلی
دەستەی نووسەران:
نازم دڵبەند
هەژار مەجید
کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

# گڵکەند

Issue (16), Wednesday 14/5/2025

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند




وێنە: سیا ئارت